هەرێمی کوردستان – عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
فەرمانگەی خوێندن و پلاندانان و بەدواداچوون
بەڕێوەبەرایەتی ناوەندی وەرگرتن

اقليم كوردستان - العراق
مجلس الوزراء
وزارة التعليم العالي و البحث العلمي
دائرة الدراسات و التخطيط و المتابعة
مديرية القبول المركزي

# ڕێنمایی وەرگرتنی قوتابیان/ خوێندکاران لە زانکۆ حکومییەکانی هەرێم بۆ ساڵی خوێندنی (2022-2023)

**<u>بڕگەی یەکەم: مافی وەرگرتن و پێشکەش کردنی فۆرم:</u>**

1- هەر قوتابی/ خوێندکارێک کە فۆرمی وەرگرتن پێشـــکەش دەکات مەرج نییە وەربگیرێت ، چونکە وەرگرتن بە پێی چەند بنەمایەکی زانســـتی عەدالەت ئامێزو لە ســـەر بنەمای کێبڕکێی کۆنمرە لە نێوان ســـەرجەم قوتابیان/ خوێندکاران دەبێت.

2- وەرگرتن لە بەشـــەکان بە شـــێوازی وەرگرتنی ناوەندی (القبول المركزی) دەبێت وە بە ئەژمارکردنی ســـیســـتەمی (کریدت) بۆ ســـەرجەم کۆلێژ و بەشـــەکان جێبەجێ دەکرێت جگە لە **(کۆمەڵەی پزیشـــکی)** ، قوتابی/ خوێندکار مافی وەرگرتنی تەنها لە یەک شوێن هەیە لە زانکۆ (حکومییەکان) بە گشتی.

3- ســـەرجەم دەرچووانی پۆلی دوانزەی ئامادەیی بۆ ســـاڵی خوێندنی (2021-2022) بە هەر دوو خولەوە بەشـــدار دەبن لە یەک پرۆسەی پێشبڕکێ.

4- قوتـابی/ خوێنـدکار مـافی نییە لە هەمـان کـاتـدا خوێنـدکار بێت لە زانکۆ یـان پەیمـانگەی (حکومی) و زانکۆیەک و پەیمانگەیەکی (ناحکومی - ئەهلی) ، ئەگەر خوێندکارێک لە زانکۆ یان پەیمانگەی (حکومی) و لە هەمان کاتیش لە زانکۆ و پەیمانگەی (ناحکومی - ئەهلی) وەرگیرا ، ئەوا پێویستە لە سەری لە ماوەی (10) ڕۆژ دوای ڕاگەیاندنی ناوەکان بڕیاری خۆی بدات و لە زانکۆ و پەیمانگەی (حکومی) یان لە زانکۆ و پەیمانگەی (ناحکومی - ئەهلی)یەکە داوای کێشـــانەوەی دۆسیە و سڕینەوەی ناو بکات ، بە پێچەوانەوە لێپێچینەوەی یاسایی لەگەڵ دەکرێت.

5- ئەو قوتابی/ خوێندکارەی کە ساڵانی پێشتر فۆرمی پێشکەش کردووە لە یەکێک لە کۆلێژ و فاکەڵتی یان پەیمانگەکانی هەرێم وەرگیراوە ، ئەگەر پەیوەندی بە خوێندنەکەی کردبێت یان نەکردبێت مافی نییە جارێکی تر داواکاری وەرگرتن پێشکەش بە (زانکۆلاین) بکات ، ئەمە وەرگیراوانی (پاراڵێل و ئێوارانیش) دەگرێتەوە.

6- ڕیزبەندی و هەڵبژاردەکان (اختیارات) بە پێی ئارەزووی قوتابی/ خوێندکار دەبێت بە پێی بڕیاری خۆی کە پێوەرێکی گرنگ و ســەرەکییە لە دیاریکردنی شــوێنی وەرگرتنی ، بە مەرجێک لە **(50)** هەڵبژاردن کەمتر نەبێت ، پێویســتە لە ســەر قوتابی/ خوێندکار ڕەچاوی مەرجە گشـــتی و تایبەتییەکانی وەرگرتن بکات و تەنها ئەو خوێندن و بەشـــانە هەڵبژێرێت کە لەگەڵ ئارەزووی خۆی و لقی خوێندنی ئامادەییەکەی دەگونجێت.

7- ئەگەر قوتابی/ خوێندکار فۆرمی پێشکەش کردو ناوی لە هیچ کۆلێژێک یان پەیمانگەیەک دەرنەچوو بە هۆی کەمی و نەگونجانی هەڵبژاردنەکانی ، ئەوا ناوەندی وەرگرتن هەڵدەســـتێت بە دابەش کردنی ئەو قوتابی/ خوێندکارانە لە ســـەر ئەو کورسییانەی خوێندن کە لە زانکۆکان بە بەتاڵی دەمێننەوەو بە ڕەچاوکردنی کەمترین کۆنمرەی وەرگیراو.

8- ئەو قوتابی/ خوێندکارانەی کە بە هۆی کەمی کۆنمرەکانیان لە هیچ کۆلێژ یان پەیمانگەیەک وەرناگیرێن بۆیان هەیە لە ســـاڵی ئایندەدا دووبارە بچنەوە کێبڕکێ بە پێی کۆنمرەی ســـاڵی دووەمی پێشـــکەش کردن ، وە ئەو مافەشـــیان تەنها بۆ یەک ساڵ پێدەدرێت ، واتە دەرچووانی ئامادەیی (زانســتی و وێژەیی) تەنها دوو ساڵ مافی پێشکەش کردنیان هەیە و ســاڵی دووەمیش تەنها بۆ ئەو دەرچووانە دەبێت کە پێشــتر لە هیچ زانکۆ و پەیمانگەیەکی (حکومی و ناحکومی - ئەهلی) لە ناوەوەو دەرەوەی هەرێم وەرنەگیرابن.

## بڕگەی دووەم: مەرجە گشتییەکانی وەرگرتن:

ئەو قوتابی/ خوێندکارەی لە زانکۆ و پەیمانگەکان وەردەگیرێت پێویستە ئەم مەرجانەی خوارەوەی تێدابێت:

1- خاوەنی ڕەگەزنامەی عێراقی بێت ، وە بۆ ئەو قوتابیانەی کە عێراقی نین پێویستە کارتی نیشتەجێ بوونی هەرێمیان هەبێت.

2- دەرچووی ئامادەییەکانی سەر بە وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان بێت و بڕوانامەکەی پەسەندکرا بێت لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگاکەیەوە.

3- لە پشکنینی پزیشکی دەرچووبێت بە پێی ئەو مەرجە تایبەتییانەی بۆ هەر خوێندنێک دیاریکراوە.

4- تەمەنی لە (30) ساڵ زیاتر نەبێت بۆ خوێندنی بەیانیان جگە لە (کۆلێژ و بەشەکانی پەروەردەی وەرزش) کە نابێت قوتابی/ خوێندکار تەمەنی لە (25) ساڵ زیاتر بێت ، ئەو قوتابی/ خوێندکارەی تێکڕای نمرەی پۆلی دوانزەی لە (80%) بە سەرەوەیە ڕەچاوی مەرجی تەمەنی بۆ ناکرێت ، وە ئەم مەرجە ئامادەییە (پیشەییەکانیش) دەگرێتەوە جگە لە (کۆلێژ و بەشەکانی پەروەردەی وەرزش).

5- دەرچووانی خوێندنی کوردی لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم لە لایەن لێژنەیەکی تایبەت لە وەزارەت بە هەماهەنگی زانکۆکان بە پێی شایستە بوونیان سەیری داواکارییەکانیان دەکرێت.

6- سەبارەت بە وەرگرتنی قوتابیان/ خوێندکارانی قوتابخانە نێودەوڵەتییەکانی هەرێمی کوردستان کار بە ڕێنمایی حکومەتی هەرێمی کوردستان/ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (11961) لەڕێکەوتی (2022/8/17) دەکرێت.

7- ئەگەر باری تەندروستی قوتابی/ خوێندکار شیاو نەبوو بۆ ئەو بەشەی کە لێی وەرگیراوە پاڵپشت بە ڕاپۆرتی پزیشکی ، ئەوا دەگەڕێندرێتەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی ناوەندی وەرگرتن بۆ دووبارە دابەش کردنەوەو وە وەرگرتنی لە شوێنێکی گونجاو لەگەڵ باری تەندروستی قوتابی/ خوێندکار بە پێی کەمترین کۆنمرەی وەرگیراو.

8- پڕکردنەوەی کورسی بەتاڵ تەنها لە ڕێگەی سیستمەوە دەبێت نەوەک فۆرمی دەستی.

## بڕگەی سێیەم: وەرگرتنی دەرچووانی لقی زانستی و وێژەیی ئامادەییەکانی هەرێم:

1- دەرچووانی پۆلی دوانزەی ئامادەیی بەشی زانستی بۆ پێشکەش کردنی داواکاری وەرگرتن لە کۆلێژ و بەشەکانی (کۆمەڵەی پزیشکی ، ئەندازیاری ، زانست) دەتوانن تەنها نمرەی وانە پەیوەندیدارەکان (فیزیا ،کیمیا ، بیرکاری ، زیندەوەرزانی ، زمانی ئینگلیزی) ئەژمار بکەن ، ئەژمار کردنی نمرەی وانەکانی تر ئارەزوو مەندانە دەبێت ، بە مەرجێک پێشکەشکار لە سەرجەم وانەکان دەرچووبێت.

2- ئەژمارکردنی ڕێژەی پۆلی (10) و (11) بە شێوازێکی یەکخراو لە ئەرکی وەزارەتی پەروەردە دایە وە هەر پێداچوونەوەیەک لە سەر کۆنمرەی ئامادەیی بەرەو ڕووی وەزارەتی پەروەردە دەکرێتەوە.

3- لێژنەیەکی تایبەت کە بە سەرۆکایەتی یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی کاروباری هونەری لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگاکان پێک دەهێنرێت ، ئەو لێژنەیە فۆرم و بڕوانامەی دەرچوون ووردبین دەکات بەرپرسیارییەتی ڕاستی و دروستی زانیارییەکان لە ئەستۆی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە و بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی پەروەردەی پارێزگاکان دایە.

4- ئەو قوتابی/ خوێندکارەی کە دووبارە تاقیکردنەوەی (باشتر کردنی تێکرا) واتە (تحسين معدل) دەکات مافی پێشکەش کردنی بۆ هیچ جۆرە سیستەمێکی وەرگرتن (زانکۆلاین ، پارالیل ، ئێواران) نابێت ، لە ساڵی داهاتوودا دوای چاک کردنی تێکڕای نمرەکەی داواکاری وەرگرتن پێشکەش دەکات.

**بڕگەی چوارەم : مەرجە تایبەتییەکانی وەرگرتن:**

| ژ | پێشکەش کردن بۆ | بە مەرجێک |
|---|---|---|
| أ | کۆلێژە پزیشکییەکان (پزیشکی ، پزیشکی ددان ، دەرمانسازی) | تێکڕای نمرەی پۆلی دوانزە لە **(85%)** کەمتر نەبێت. |
| ب | کۆلێژی پزیشکی (ڤێترنەری) | وەرگرتنی دەرچووان لە کۆلێژی ڤێترنەری کە لە زانکۆی سلێمانی و زانکۆی دهۆک هەیە ڕێژەی وەرگرتن (70%) بۆ پارێزگایە وە (30%) بۆ پارێزگاکانی تر دەبێت. |
| ج | کۆلێژی ئەندازیاری نەوت و کیمیاوی بەشەکانی (نەوت ، پترۆل ، کیمیاوی) | تێکڕای نمرەی پۆلی دوانزە لە **(80%)** کەمتر نەبێت ، پێش ئەژمارکردنی سیستەمی (کریدت). |
| د | بەشەکانی ئەندازیاری لە زانکۆکان جگە لە بەشەکانی خاڵی (ج) | تێکڕای نمرەی پۆلی دوانزە لە **(80%)** کەمتر نەبێت ، پێش ئەژمارکردنی سیستەمی (کریدت) ، بەشەکانی (بیناسازی ، تەلارسازی) نابێت نەخۆشی ڕەنگبینی (عمى الوان) ی هەبێت. |
| هـ | بەشی (ئەندازیاری فڕۆکەوانی) لە زانکۆی سەلاحەددین | خوێندن لەم بەشە بە هەمان مەرجەکانی بەشەکانی ئەندازیاری لە زانکۆکان دەبێت ، قوتابی/ خوێندکار دەبێت خاوەن ڕەگەز نامەی عێراقی بێت ، چوار وەرز لە زانکۆی سەلاحەددین دەخوێنێت (سێ وەرزی یەکەم ، وەرزی کۆتایی) وە چوار وەرز (دوو ساڵ) خوێندن لە ئەکادیمیای ئوردەنی دەبێت بە پێی ئەو مەرجانەی کە لە قوتابی/ خوێندکار داوا دەکرێت.<br><br>کرێی خوێندن لە ئەکادیمیای ئوردەنی($5000) ساڵانە دەبێت و تێچووی کارەکانی تایبەت بە ڤیزا و پشکنینی پزیشکی و بیمەی تەندروستی و پێداویستەکانی ڕاهێنان و تاقیکردنەوە EASA کە ($2000) ساڵانەیە و تێچووی مانەوەو هاتووچۆ لە سەر خودی قوتابی/ خوێندکار دەبێت. |
| و | بەشەکانی ئەندازیاری لە کۆلێژە تەکنیکییەکان | تێکڕای نمرەی پۆلی دوانزە لە **(80%)** کەمتر نەبێت ، پێش ئەژمارکردنی سیستەمی (کریدت). |

| | | |
|---|---|---|
| ز | کۆلێژەکانی پەرستاری لە هەر زانکۆیەک | کورسییەکانی خوێندن لە کۆلێژەکانی پەرستاری لە هەر زانکۆیەک لە (25%) بۆ ڕەگەزی (نێر) وە لە (75%) بۆ ڕەگەزی (مێ) دەبێت ، جگە لە بەشی (مامانی) لە کۆلێژی پەرستاری لە زانکۆی هەولێری پزیشکی تەنها بۆ ڕەگەزی مێینەیە. |
| ح | کۆلێژی زانستە تەندروستییەکان بەشەکانی (کیمیای ژیانی کلینکی ، مایکرۆبایلۆجی پزیشکی، چارەسەری سروشتی) لە زانکۆی هەولێری پزیشکی وە کۆلێژی زانستی تەندروستی بەشەکانی (زانستی لابوری پزیشکی ، زانستی سڕکردن) لە زانکۆی دهۆک ، وە بەشەکانی (میدیکەڵ مایکرۆبایۆلۆجی ، کلینیکەڵ سایکۆلۆجی) لە زانکۆی کۆیە | بۆ زانین دەرچووانی ئەم بەشانە نازناوی پزیشک وەرناگرن و ماوەی خوێندنیان چوار ساڵە. |
| ط | پلان دانانا جهی ی / زانکۆی دهۆک | وەرگرتن بۆ بەشی زانستییە و دەبێت کۆنمرەی قوتابی/ خوێندکار **(74%)** کەمتر نەبێت ، پێش ئەژمارکردنی سیستەمی (کریدت) وە خوێندن لەم بەشە بە زمانی ئینگلیزیە.<br><br>خوێندن لەم بەشە (5) پێنج ساڵە ، وە بڕی تێچووی خوێندن (3000$) سێ هەزار دۆلارە بۆ هەر ساڵێکی خوێندن وە ساڵی پێنجەم بە خۆڕاییە ، قوتابی/ خوێندکار ساڵی یەکەم کۆرسی یەکەم زمانی ئینگلیزی دەخوێنێت و لە کۆرسی دووەم دەست بە خوێندنی زانستی دەکات وە تەمەنی پێشکەشکار نابێت لە (30) ساڵ زیاتر بێت. |
| ی | بایۆ میدیکاڵ/ کۆلێژی ئەندازیاری / زانکۆی دهۆک | بۆ زانین ئەم بەشە بڕی تێچووی خوێندنی (4000$) چوار هەزار دۆلارە بۆ هەر ساڵێکی خوێندن. |
| ک | بەشی (زانستی تاقیگەی پزیشکی) لە زانکۆی (چەرموو ، ڕاپەڕین) | وەرگرتن لەم بەشە بۆ دەرچووانی لقی زانستییە و خوێندن بە زمانی ئینگلیزیە. |
| ل | بەشی (کاری کۆمەڵایەتی) / کۆلێژی ئاداب لە زانکۆی سەلاحەددین | خوێندن لەم بەشە بە زمانی ئینگلیزیە وە قوتابی/ خوێندکار نابێت نمرەی زمانی ئینگلیزی لە **(70%)** کەمتر بێت. |

## بڕگەی پێنجەم: وەرگرتنی دەرچووانی ئامادەییە پیشەییەکان لە زانکۆ و پەیمانگەکانی هەرێم:

1- (یەکەم) ی دەرچووانی ئامادەییە پیشەییەکان لە سەر ئاستی پارێزگا لە کۆلێژی هاوتا بە پسپۆرییەکەی لە زانکۆکانی هەرێم وەردەگیرێت ، بە مەرجێک تێکرای نمرەکەی لە **(80%)** کەمتر نەبێت ، ئەگەر تێکڕای نمرەکەی لە **(80%)** کەمتر بوو ئەوا دەتوانێت بە سیستەمی (پارالێل) وەربگیرێت.

2- (دووەم و سێیەم) ی دەرچووانی ئامادەییە پیشەییەکان لە سەر ئاستی پارێزگا تاکو نمرەی **(80%)** لە کۆلێژی تەکنیکی هاوشێوە بە پسپۆرییەکەی بە سیستەمی ئاسایی وەردەگیرێت ئەگەر تێکڕای نمرەیان لە **(80%)** کەمتر بوو ئەوا بە سیستەمی (پارالێل) وەردەگیرێت ، ئەگەر نمرەکانیان لە سەرووی **(70%)** بوو دەتوانن لە بەشە هاوتاکانیان لە پەیمانگە تەکنیکییەکانی زانکۆ پۆلیتەکنیکییەکان بە شێوەی گشتی وەربگیرێن.
**(یەکەم و دووەم و سێیەمی دەرچووان لە سەر ئاستی هەر دوو خولی یەکەم و دووەم ئەژمار دەکرێت).**

3- دەرچووانی ئامادەییە پیشەییەکان لە هەر دوو خولی (یەکەم و دووەم) تەنها لە بەشی هاوپسپۆر لە پەیمانگەکان وەردەگیرێن ، بە مەرجێک تێکڕای نمرەکانیان لە **(70%)** کەمتر نەبێت ، ئەگەر تێکڕای نمرەکانیان لە **(70%)** کەمتر بوو تاکو **(60%)** ئەوا بە پێی ڕێنماییەکانی (پارالێل) وەردەگیرێن ، بە مەرجێک ژمارەی وەرگیراوان لە (25%) ی پلانی وەرگرتن زیاتر نەبێت.

4- دەرچووانی ئامادەییە کشتوکاڵییەکان ئەگەر کۆنمرەیان **(75%)** بە سەرەوە بوو ئەوا مافی وەرگرتنیان لە کۆلێژەکانی کشتوکاڵ لە زانکۆکانی تری هەرێم دەبێت (ئەگەر بەشی هاوپسپۆریان لە زانکۆ پۆلیتەکنیکییەکان نەبوو) ، جگە لە (قوتابی/ خوێندکاری یەکەم و دووەم و سێیەم کە بە پێی ڕێنماییەکانی ئامادەییە پیشەییەکان وەردەگیرێن).

5- دەرچووانی ئامادەییەکانی مامانی وەردەگیرێن لە بەشی (ئافرەتان و منداڵبوون) لە پەیمانگەی تەکنیکی هەولێر و سۆران وە بەشی (ژنان و منداڵبوون) لە پەیمانگەی تەکنیکی سلێمانی وەردەگیرێن لە سەر ئاستی پارێزگا.

6- سەبارەت بە دەرچووانی ئامادەییە پیشەییەکان تەنها لە ساڵی دەرچوونیان دا مافی پێشکەش کردنیان هەیە ، واتە دەرچووانی ساڵانی پێشتر مافی پێشکەش کردنیان نییە.

## بڕگەی شەشەم: وەرگرتن لە بەشە ئیسلامییەکان لە کۆلێژ و فاکەڵتییەکان:

1- دەرچووانی پۆلی دوانزەی ئامادەیی بە هەردوو بەشی (زانستی و وێژەیی) داواکاری لە ڕێگەی زانکۆلاینەوە پێشکەش دەکەن بۆ وەرگرتن لە بەشە ئیسلامییەکان لە کۆلێژ و فاکەڵتییەکان واتا پێویست بە لێژنەی چاوپێکەوتن و تاقیکردنەوە ناکات ، بە مەرجێک کۆنمرەی پێشکەشکار لە **(60%)** کەمتر نەبێت ، وەرگرتن لەم بەشانە بە ئەژمارکردنی (کریدت) دەبێت.

2- دەرچووانی ئامادەییەکانی خوێندنی ئیسلامی سەر بە وەزارەتی پەروەردە لە ڕێگەی فۆرمێکی تایبەتەوە وەردەگیرێن کە لە لایەن ناوەندی وەرگرتنەوە ئامادە دەکرێت و ڕەوانەی وەزارەتی پەروەردە دەکرێت بۆ دابەش کردنی بە سەر قوتابیان/ خوێندکاران بۆ پڕکردنەوەی هەڵبژاردنەکانیان و ناردنەوەی بۆ ناوەندی وەرگرتن لە وەزارەتی خوێندنی باڵا ، وەرگرتن لەم بەشانە بە پێی کۆنمرەی پۆلی دوانزەی ئامادەیی بە بێ ئەژمار کردنی (کریدت) دەبێت ، بە مەرجێک کۆنمرەی پێشکەشکار لە **(60%)** کەمتر نەبێت.

3- (یەکەم و دووەم و سێیەم) ی دەرچووانی ئامادەییەکانی خوێندنی ئیسلامی سەر بە وەزارەتی پەروەردە لە سەر ئاستی هەرێم لە بەشەکانی (زمانی عەرەبی) لە زانکۆکان وەردەگیرێن بە پێی سنووری جوگرافی ، بە مەرجێک تێکرای نمرەیان لە **(75%)** کەمتر نەبێت.

4- دەرچووانی ئامادەییەکانی خوێندنی ئیسلامی سەر بە وەزارەتی پەروەردە بە هەمان شێوەی دەرچووانی ئامادەییە (پیشەییەکان) تەنها لە ساڵی دەرچوونیان دا مافی پێشکەش کردنیان هەیە ، وە دەرچووانی ساڵانی پێشتر بە سیستەمی (پارالێل و ئێواران) مافی پێشکەش کردنیان دەبێت ، واتا تەنها دەرچووانی ساڵی خوێندنی (2021-2022) دەچنە پێشبڕکێ بۆ وەرگرتنیان لە بەشە ئیسلامییەکان لە کۆلێژ و فاکەڵتییەکان.

5- (یەکەم و دووەم و سێیەم) ی پەیمانگەی ئەزهەر بۆ ساڵی خوێندنی (2021-2022) لە بەشەکانی (زمانی عەرەبی کۆلێژی زمان یان ئەدەبیات ، زانستە مرۆڤایەتییەکان) وەردەگیرێن ، بە مەرجێک کۆنمرەیان لە **(75%)** کەمتر نەبێت و تەمەنی قوتابی/ خوێندکاریش لە (30) ساڵ زیاتر نەبێت ، ئەوانی تر هاوشێوەی دەرچووانی ئامادەییەکانی خوێندنی ئیسلامی سەر بە وەزارەتی پەروەردە لە ڕێگەی فۆرمەوە داواکاری پێشکەش دەکەن ، بە مەرجێک کۆنمرەیان لە **(60%)** کەمتر نەبێت.

6- **وەرگرتن لە بەشە ئیسلامییەکان لە کۆلێژ و فاکەڵتییەکان بە سیستەمی (پارالێل).**

دەرچووانی ئامادەییە ئیسلامییەکان مافی پێشکەش کردنیان هەیە بۆ بەشە ئیسلامییەکان لە کۆلێژ و فاکەڵتییەکان لە هەر زانکۆیەکی هەرێم بە پێی ڕێنماییەکانی سیستەمی (پارالێل) ، سەبارەت بە دەرچووانی پەیمانگە دەبێت کۆنمرەی پەیمانگەیان لە **(60%)** کەمتر نەبێت ، وە بۆ دەرچووانی ئامادەیی کۆنمرەیان **(55%)** کەمتر نەبێت.

## برگەی حەوتەم: وەرگرتنی دەرچووانی پەیمانگەکانی سەر بە وەزارەتی پەروەردە:

1- (20%) ی کورسییەکانی کۆلێژی هونەرە جوانەکان لە زانکۆی سلێمانی و کۆلێژی هونەرە جوانەکان لە زانکۆی سەلاحەددین و بەشی شانۆ و شێوەکاری لە کۆلێژی زانستی مرۆڤایەتی لە زانکۆی دهۆک تەرخان دەکرێت بۆ دەرچووانی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی سەر بە وەزارەتی پەروەردە ، تەنها دەرچووانی ساڵی خوێندنی (2022-2021) مافی پێشکەش کردنیان هەیە ، بە مەرجێک تێکڕای نمرەی پەیمانگەیان لە **(65%)** کەمتر نەبێت ، ئەگەر تێکڕای نمرەی پەیمانگەیان لە **(65%)** کەمتر بوو تاکو **(60%)** ئەوا بە سیستەمی (پارالێل) وەردەگیرێن ، وە دەرچووانی پەیمانگە (ناحکومییەکان) بە سیستەمی (پارالێل) وەردەگیرێن ، بە مەرجێک کۆنمرەیان لە **(65%)** کەمتر نەبێت.

2- ڕەچاوی پسپۆری دەکرێت لە کاتی وەرگرتندا.

3- ئەو قوتابی/ خوێندکارانەی مەرجەکانی خاڵی (1) یان هەیە پێویستە بەشدار بن لە تاقیکردنەوەی لێهاتوویی و تێیدا سەرکەوتووبن ، تاقیکردنەوەکە لە کۆلێژە ئاماژە پێکراوەکاندا ئەنجام دەدرێت ، نمرەی کۆتایش بەم شێوەیە دەبێت: (40%) ی نمرەی تاقیکردنەوەی لێهاتوویی و (60%) ی نمرەی تێکڕای پەیمانگە ، بە مەرجێک نمرەی قوتابی/ خوێندکار لە تاقیکردنەوەی لێهاتوویی لە نیوە کەمتر نەبێت.

4- (یەکەم و دووەم و سێیەم) لە سەر ئاستی پەیمانگەکانی وەرزش لە کۆلێژ (سکوڵ) ی پەروەردەی وەرزشی وەردەگیرێن ، بە مەرجێک تێکڕای نمرەی پەیمانگەیان لە **(75%)** کەمتر نەبێت ، ئەگەر تێکڕای نمرەی پەیمانگەیان لە **(75%)** کەمتر بوو تاکو کۆنمرەی **(70%)** ئەوا بە سیستەمی (پارالێل) وەردەگیرێن ، تایبەت بە (یەکەم و دووەم و سێیەم) ی پەیمانگە (ناحکومییەکان) بە سیستەمی (پارالێل) وەردەگیرێن و هەروەها ڕەچاوی سنووری جوگرافی دەکرێت لە کاتی وەرگرتندا.

5- ڕێژەی (5%) ی کورسییەکانی وەرگرتنی پاڵەوانان بۆ دەرچووانی پەیمانگە وەرزشییەکانی سەر بە وەزارەتی پەروەردە دەبێت.

6- دەبێت پێشکەشکار دەرچووی ساڵی خوێندنی (2022-2021) بێت ، بە مەرجێک لە هیچ کۆلێژ و پەیمانگەیەکی (حکومی و ناحکومی - ئەهلی) وەرنەگیرا بێت.

## برگەی حەوتەم/ خاڵی یەکەم: وەرگرتنی دەرچووانی پەیمانگەکانی کۆمپیوتەری سەر بە وەزارەتی پەروەردە لە زانکۆ پۆلیتەکنیکیەکان:

1- دەرچووی (یەکەم و دووەم و سێیەم) ی پەیمانگە (حکومییەکان) ی کۆمپیوتەر لە سەر ئاستی هەرێم لە کۆلێژی تەکنیکی ئەندازیاری هەولێر/ بەشی تەکنیکی ئەندازیاری سیستەمی زانیاری وەردەگیرێن ، بە مەرجێک کۆنمرەیان لە **(90%)** کەمتر نەبێت.

2- دەرچووی (یەکەم و دووەم و سێیەم) ی پەیمانگەی کۆمپیوتەری سلێمانی (حکومی) لە کۆلێژی تەکنیکی ئینفۆرماتیکی سلێمانی/ بەشی تەکنەلۆجیای زانیاری وەردەگیرێن ، بە مەرجێک کۆنمرەیان لە **(85%)** کەمتر نەبێت.

3- دەرچووی (یەکەم و دووەم و سێیەم) ی پەیمانگەی کۆمپیوتەری دهۆک (حکومی) لە کۆلێژی تەکنیکی کارگێری دهۆک/ بەشی تەکنۆلۆجیای زانیاری کارگێری وەردەگیرێن ، بە مەرجێک کۆنمرەیان لە **(85%)** کەمتر نەبێت.

4- دەرچووی (یەکەم و دووەم و سێیەم) ی پەیمانگەی کۆمپیوتەری ئاکرێ (حکومی) لە کۆلێژی تەکنیکی ئینفورماتیکی ئاکرێ/ بەشی تەکنۆلۆجیای زانیاریIT وەردەگیرێن ، بە مەرجێک کۆنمرەیان لە **(85%)** کەمتر نەبێت.

5- ئەگەر دەرچووەکان لە خاڵەکانی (1،2،3،4) مەرجی نمرەی پێویستی تێدا نەبوو ئەوا مافی وەرگرتنیان هەیە بە سیستەمی (پارالێل) تا کۆنمرەی **(70%)**.

6- (سێ)کورسی لە پلانی وەرگرتنی (پارالێل) تەرخان دەکرێت لە بەشەکانی (کۆمپیوتەر و سیستەمی زانیاری) سەر بە کۆلێژە تەکنیکییەکانی زانکۆ پۆلیتەکنیکییەکان بۆ دەرچووانی پەیمانگە (ناحکومی - ئەهلییەکان) ی کۆمپیوتەری (5) ساڵەی سەر بە وەزارەتی پەروەردە ، بە مەرجێک کۆنمرەیان لە **(80%)** کەمتر نەبێت ، ئەگەر ئەم ڕێژەیە پڕ نەبووەوە ئەوا زانکۆ پۆلیتەکنیکییەکان بۆیان هەیە بە دەرچووانی پەیمانگەکانی خۆیان کورسییە بەتاڵەکان پڕ بکەنەوە.

<u>بڕگەی حەوتەم/ خاڵی دووەم: وەرگرتنی دەرچووانی پەیمانگەکانی کۆمپیوتەری سەر بە وەزارەتی پەروەردە لە زانکۆکانی تر:</u>

1- دەرچووی (یەکەم و دووەم و سێیەم) ی پەیمانگەی کۆمپیوتەری هەولێر (حکومی) لە زانکۆی سەلاحەددین/ کۆلێژی زانست/ بەشی کۆمپیوتەر وەردەگیرێن ، بە مەرجێک کۆنمرەیان لە **(85%)** کەمتر نەبێت.

2- دەرچووی (یەکەم و دووەم و سێیەم) ی پەیمانگەی کۆمپیوتەری کەلار (حکومی) لە زانکۆی گەرمیان/کۆلێژی زانست/ بەشی زانستی کۆمپیوتەر وەردەگیرێن ، بە مەرجێک کۆنمرەیان لە **(85%)** کەمتر نەبێت.

3- دەرچووی (یەکەم و دووەم و سێیەم) ی پەیمانگەی کۆمپیوتەری ڕانیە (حکومی) لە زانکۆی ڕاپەڕین/کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت/ بەشی زانستی کۆمپیوتەر وەردەگیرێن ، بە مەرجێک کۆنمرەیان لە **(85%)** کەمتر نەبێت.

4- دەرچووی (یەکەم و دووەم و سێیەم) ی پەیمانگەی کۆمپیوتەری سۆران (حکومی) لە زانکۆی سۆران/ فاکەڵتی زانست/ بەشی کۆمپیوتەر وەردەگیرێن ، بە مەرجێک کۆنمرەیان لە **(85%)** کەمتر نەبێت.

5- دەرچووی (یەکەم و دووەم و سێیەم) ی پەیمانگەی کۆمپیوتەری چەمچەماڵ (حکومی) لە زانکۆی چەرموو/ کۆلێژی زانستە پزیشکی و کرداریەکان/ بەشی کۆمپیوتەری کرداری وەردەگیرێن ، بە مەرجێک کۆنمرەیان لە **(85%)** کەمتر نەبێت.

6- ئەو قوتابی/ خوێندکارانەی بە پێی خاڵەکانی (1،2،3،4،5) وەردەگیرێن بۆیان نییە دابمەزرێن تاوەکو خوێندن تەواو دەکەن ، بە پێچەوانەوە خوێندنەکەیان هەڵدەوەشێتەوە.

برگەی هەشتەم: وەرگرتن لە بەشەکانی هونەرە جوانەکان لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان:

أ. دەرچووانی پۆلی دوانزەی ئامادەیی:

1- داواکار دەبێت دەرچووی دوانزەی ئامادەیی بێت لە ساڵی پێشکەش کردن یان ساڵێک پێشتر بۆ هەردوو بەشی (زانستی و وێژەیی) ، بە مەرجێک پێشتر لە هیچ زانکۆیەکی (حکومی و ناحکومی - ئەهلی) وەرنەگیرا بێت.

2- دەبێت داواکار دەرچووی خوێندنگەکانی سنووری هەرێمی کوردستان یان ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم بێت ، بە مەرجێک تاقیکردنەوەکانی بە پێی سیستەمی هەرێمی کوردستان ئەنجام دابێت.

3- داواکار دەبێت تەمەنی لە (30) ساڵ زیاتر نەبێت.

4- داواکار دەبێت تێکڕای نمرەی ئامادەیی (زانستی و وێژەیی) لە **(60%)** کەمتر نەبێت.

5- لە کاتی پێشبڕکێدا ڕەچاوی نمرە دەکرێت بە ڕێژەی (60%) ی نمرە لە سەر کۆنمرەکەی و ڕێژەی (40%) ی نمرە لە سەر لێهاتوویی توانستی داواکار دەبێت ، بە مەرجێک نمرەی لە لێهاتوویی توانستی لە نیوە کەمتر نەبێت.

6- نابینا دەتوانێت داواکاری پێشکەش بکات بۆ بەشی میوزیک ، بە مەرجێک برگەکانی (1- 5) ی تێدا بێت و بەهرەی هونەری خۆی بسەلمێنێت.

7- داواکار لە مەرجی جەستەیی و شیاوی مامۆستایی دەبەخشرێت لە بەشی میوزیک و شێوەکاری ، واتە گشت (خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان) دەتوانن داواکاری پێشکەش بکەن.

* پێداویستییەکان بۆ بەشی میوزیک:

پێویستە داواکار ئامێری میوزیک لەگەڵ خۆیدا بهێنێت بۆ ڕۆژی چاوپێکەوتن.

* پێداویستییەکان بۆ بەشی شێوەکاری:

پێویستە داواکار کەرەستەکانی هێلکاری لەگەڵ خۆیدا بهێنێت بۆ ڕۆژی چاوپێکەوتن.

ب- بەهرەمەندان: سەبارەت بە وەرگرتن لە بەشەکانی هونەرە جوانەکان بۆ هەر بەشێك تەنها (3) سێ بەهرەمەند وەردەگیرێت:

1- بەهرەمەند دەبێت هەڵگری بڕوانامەی دوانزەی ئامادەیی یان پەیمانگەی هونەرە جوانەکان یان هاوتایان بێت ، وە دەرچووانی پەیمانگە (ناحکومییەکان) بە سیستەمی (پارالێل) وەردەگیرێن.

2- ڕەچاوی پسپۆری دەکرێت لە کاتی وەرگرتندا.

3- دەبێت بەهرەمەند دەرچووی خوێندنگەکانی سنووری هەرێمی کوردستان یان ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم بێت ، بە مەرجێک تاقیکردنەوەکانی بە پێی سیستەمی هەرێمی کوردستان ئەنجام دابێت.

4- دەبێت بەهرەمەند کۆنمرەی لە **(60%)** کەمتر نەبێت و تەمەنی لە (35) ساڵ زیاتر نەبێت ، ئەگەر تەمەنی لە (35) زیاتر بوو تا (45) ساڵ ئەوا بە خوێندنی (پارالێل) وەردەگیرێت ، بە مەرجێک کۆنمرەی لە **(55%)** کەمتر نەبێت.

5- بەهرەمەند دەبێت بە تەواوی خۆی تەرخان بکات بۆ خوێندنەکەی و خۆی بەرپرسیارە لە وەرگرتنی مۆڵەتی خوێندنەکەی بە پێی یاسا بەرکارەکان لە هەرێمدا.

6- لە کاتی پێشبڕکێدا ڕەچاوی نمرە دەکرێت بە ڕێژەی (60%) ی نمرە لە سەر کۆنمرەکەی و ڕێژەی (40%) ی نمرە لە سەر لێهاتوویی توانستی بەهرەمەندی پاڵێوراو دەبێت ، بە مەرجێک لە لێهاتوویی توانستی بەهرەمەندی دەرچووبێت.

7- بەهرەمەند دەبێت ئەندامی سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان بێت.

8- پێویستە بەهرەمەند سەرجەم دۆکیۆمێنتەکان لەگەڵ خۆیدا بهێنێت وەک (ڕۆژنامە/ بڕوانامەکان / خەڵاتەکان / وێنە / پێناس) پەسندکراو بێت لە لایەن سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان.

9- بەهرەمەندی نابینا دەتوانێت داواکاری پێشکەش بکات بۆ بەشی میوزیک ، بە مەرجێک برگەکانی (1- 8) ی تێدا بێت و بەهرەمەندی هونەری خۆی بسەلمێنێت.

10- بەهرەمەند لە مەرجی جەستەیی و شیاوی مامۆستایی دەبەخشرێت لە بەشی میوزیک و شێوەکاری ، واتە گشت (خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان) دەتوانن داواکاری پێشکەش بکەن.

* پێداویستییەکان بۆ بەشی میوزیک:

پێویستە بەهرەمەند ئامێری میوزیک لەگەڵ خۆیدا بهێنێت بۆ ڕۆژی چاوپێکەوتن.

* پێداویستییەکان بۆ بەشی شێوەکاری:

پێویستە بەهرەمەند کەرەستەکانی هێلکاری لەگەڵ خۆیدا بهێنێت بۆ ڕۆژی چاوپێکەوتن.

## بڕگەی نۆیەم: وەرگرتن لە کۆلێژ و سکوڵ و بەشەکانی وەرزش:

### أ- دەرچووانی پۆلی دوانزەی ئامادەیی:

1- قوتابی/ خوێندکار دەبێت دەرچووی پۆلی دوانزەی ئامادەیی بەشی (زانستی یان وێژەیی) ساڵی (2021-2022) بێت ، سەبارەت بە قوتابی/ خوێندکاری دەرچووی ساڵی خوێندنی (2020-2021) بۆی هەیە داواکاری پێشکەش بکات ، بە مەرجێک لە هیچ کۆلێژێک یان پەیمانگەیەک وەرنەگیرا بێت ، وە بەڵێننامەی پێ پڕ بکرێتەوە.

2- پاڵێوراو دەبێت دەرچووی خوێندنگەکانی سنووری هەرێمی کوردستان یان ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم بێت ، بە مەرجێک تاقیکردنەوەکانی بە پێی سیستەمی هەرێمی کوردستان ئەنجام دابێت.

3- قوتابی/ خوێندکار دەبێت لە دایک بووی ساڵی (1997) یان سەرووتر بێت.

4- پێویستە تێکڕای نمرەی قوتابی/ خوێندکار لە **(60%)** کەمتر نەبێت بۆ هەردوو ڕەگەز.

5- لە کاتی پێشبڕکێدا ڕەچاوی نمرە دەکرێت بە ڕێژەی (60%) ی نمرە لە سەر کۆنمرەکەی و (40%) ی نمرە لە سەر لێهاتوویی توانستی جەستەیی (اللياقە البدنيە) پاڵێوراو دەبێت ، بە مەرجێک لە لێهاتوویی توانستی دەرچووبێت.

6- دەبێت قوتابی/ خوێندکار باڵای لە (165) سم بۆ کوڕ و (155) سم بۆ کچ کەمتر نەبێت.

7- دەبێت قوتابی/ خوێندکار لە پشکنینی تەندروستی گشتی دەرچووبێت.

8- دەبێت قوتابی/ خوێندکار لە چاوپێکەوتن و تاقیکردنەوەی جەستەیی (اللياقە البدنيە) و (تەکنیکی کارامەیی ، مهاری) دا لە نیوەی نمرەی سەرجەم تاقیکردنەوەکان زیاتر بە دەست بهێنێت.

9- قوتابی/ خوێندکار پێویستە جل و بەرگی تایبەت بە وەرزش لەگەڵ خۆیدا بهێنێت بۆ چاوپێکەوتن لەو ڕۆژانەی تاقیکردنەوەی تێدا ئەنجام دەدات.

10- دەبێت قوتابی/ خوێندکار لە کاتی پشکنینی تەندروستیدا کە ئەنجامی دەدات هەموو دۆکیۆمێنتەکان وەک (پشکنینی دڵ ، سۆنەری هەناو ، پشکنینی گورچیلە ، پشکنینی کۆئەندامی هەناسە ، پشکنینی پێست ، پشکنینەکانی خوێن ،گروپی خوێن و ڕێژەی هیمۆگلۆبین و چەوری و شەکرە بێنێت).

11- دەبێت پێشکەشکار هاووڵاتی ڕەسەنی کوردستان بێت و لایەنی کەم دانیشتووی هەرێمی کوردستان بێت.

ب- پاڵەوانان:

1- پاریزانانی هەڵبژاردەکانی کوردستان و عێراق وەکو پاڵەوان ئەژمار دەکرێن ، بە مەرجێک پێنج ساڵ تێپەر نەبووبێت بە سەر پاڵەوانییەکەیدا تا بەرواری پێشکەش کردنی داواکاری وەرگرتن.

2- پلەی (یەکەم تا سێیەم) ی بە دەست هێنا بێت لە سەر ئاستی عێراق بۆ یاری تاک و کۆمەڵەکان ، بە مەرجێک پێنج ساڵ تێپەر نەبووبێت بە سەر پاڵەوانییەکەیدا تا بەرواری پێشکەش کردنی داواکاری وەرگرتن.

3- پلەی (یەکەم تا سێیەم) ی بە دەست هێنا بێت لە سەر ئاستی هەرێم بۆ یاری تاک و کۆمەڵەکان ، بە مەرجێک پێنج ساڵ تێپەر نەبووبێت بە سەر پاڵەوانییەکەیدا تا بەرواری پێشکەش کردنی داواکاری وەرگرتن.

4- پلەی (یەکەم) ی بە دەست هێنا بێت لە سەر ئاستی پەروەردەکانی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆییەکانی هەرێم بۆ یاری تاک و کۆمەڵەکان ، بە مەرجێک پێنج ساڵ تێپەر نەبووبێت بە سەر پاڵەوانییەکەیدا تا بەرواری پێشکەش کردنی داواکاری وەرگرتن.

5- پاڵێوراو دەبێت دەرچووی خوێندنگەکانی سنووری هەرێمی کوردستان یان ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم بێت ، بە مەرجێک تاقیکردنەوەکانی بە پێی سیستەمی هەرێمی کوردستان ئەنجام دابێت.

6- بۆ وەرگرتنی پاڵەوانان ڕەچاوی کۆنمرە ناکرێت.

7- دەرچووانی پەیمانگەکانی وەرزشی (ناحکومی) بە سیستەمی (پارالێل) وەردەگیرێن.

8- تەمەنی لە (30) ساڵ زیاتر نەبێت.

9- دەرچووی هەمان ساڵی خوێندن بێت و هەروەها لیستی ناوی پاڵەوانان پێش ڕاگەیاندنی ئەنجامەکانی زانکۆلاین بنێردرێت بۆ بەڕێوەبەرایەتی ناوەندی وەرگرتن ، بە مەرجێک کۆدی پۆلی دوانزەی ئامادەیی قوتابی/ خوێندکاری لەگەڵدا بێت بۆ ئەوەی لە سیستەمەکانی تری زانکۆلاین داواکاری پێشکەش نەکەن ، بە مەرجێک لە هیچ زانکۆ و پەیمانگەیەکی (حکومی و ناحکومی - ئەهلی) وەرنەگیرا بێت و بەڵێننامەی پێ پڕ بکرێتەوە.

10- دەرچووان بە پێی ژمارەی داواکراو لە پلانی زانکۆکان و بە پێی کێبڕکێ لە سەر بنەمای کۆنمرە وەردەگیرێن.

11- پێشکەشکاران لە دەرچووانی خوێندنی پیشەیی (پیشەسازی ، بازرگانی ، کشتوکاڵ ، گەشت و گوزار) مافی وەرگرتنیان دەبێت ، بە مەرجێک تێکڕای نمرەیان لە **(65%)** کەمتر نەبێت.

12- لە کاتی پێشبڕکێدا ڕەچاوی نمرە دەکرێت بە ڕێژەی (60%) ی نمرە لە سەر کۆنمرەکەی و (40%) ی نمرە لە سەر لێهاتوویی توانستی جەستەیی (اللياقه البدنيه) پاڵێوراو دەبێت ، بە مەرجێک لە لێهاتوویی توانستی دەرچوو بێت.

13- پێویستە کەسی پێشکەشکار دۆکیۆمێنتی هەبێت کە لە لایەن دەزگا پەیوەندیدارەکانەوە بە فەرمی پشتگیری لێکرا بێت وەکو:

ا. لێژنەی ئۆڵۆمپی کوردستان و عێراق.

ب. نوێنەرایەتی لێژنەی ئۆڵۆمپی پارێزگاکان.

ج. بەڕێوەبەرایەتی چالاکی وەرزشی پەروەردە.

د. بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەرزش و لاوان سەر بە وەزارەتی ڕۆشنبیری.

14- وەرگرتنی پاڵەوانان بە پێی پلانی وەرگرتنی کۆلێژ و سکوڵ و بەشەکان دەبێت ، بە مەرجێک ڕێژەی (15%) تێپەڕ نەکات و (5%) ی ئەم ڕێژەیە بۆ پاڵەوانانی پەیمانگە وەرزشییەکانی سەر بە وەزارەتی پەروەردە دەبێت.

15- پاڵەوانان تاقیکردنەوە لە پسپۆری تایبەتی خۆیاندا ئەنجام دەدەن.

16- لێژنەیەکی ناوەندی پێک بهێنرێت لە سەر ئاستی زانکۆ بە مەبەستی بەدواداچوون بە دۆکیۆمێنتەکان و بەشەکانی هاوشێوە لە سنووری پارێزگاکان دا بۆ ئەنجام دانی چاوپێکەوتن لەگەڵ پاڵەوانانداً.

17- بۆ ساڵی خوێندنی (2022-2023) پێشکەش کردن و تاقیکردنەوەی لێهاتوویی لە یەک کاتی دیاریکراودا لە سەرجەم زانکۆکانی هەرێم ئەنجام دەدرێت.

## برگەی دەیەم: وەرگرتنی قوتابیان و خوێندکاران لە زانکۆ پۆلیتەکنیکییەکانی هەرێم:

یەکێک لە مەبەستەکانی کردنەوەی زانکۆ پۆلیتەکنیکییەکان ، ڕەخساندنی دەرفەتە بۆ قوتابیان و خوێندکاران بۆ ئەوەی درێژە بە خوێندن بدەن بۆ بە دەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس ، دەرچووانی پەیمانگە تەکنیکییەکان دەتوانن داواکاری پێشکەش بکەن بۆ تەواوکردنی بڕوانامەی بەکالۆریۆسی تەکنیکی لەو کۆلێژە تەکنیکیانەدا کە لەگەڵ پسپۆرییەکەیان دەگونجێت ، ئەو دەرچووانەی پەیمانگە کە لە کۆلێژی تەکنیکی وەردەگیرێن لە قۆناغی (یەکەم) دەوام دەکەن.

هەر پسپۆرییەکی پەیمانگەکان لە کۆلێژی تەکنیکییەکان نەبێت ، ئەوا هەمان ڕێنمایی ناوەندی وەرگرتنی قوتابیان/ خوێندکارانیان لە سەر جێبەجێ دەکرێت.

## ڕێنماییەکانی وەرگرتن لە زانکۆ پۆلیتەکنیکییەکان:

دەبێت ناوی پێشکەشکارانی ئەم سیستەمە پێش ڕاگەیاندنی ئەنجامەکانی زانکۆلاین بنێردرێت بۆ بەڕێوەبەرایەتی ناوەندی وەرگرتن ، بە مەرجێک کۆدی پۆلی دوانزەی ئامادەیی قوتابی/ خوێندکاری لەگەڵدا بێت بۆ ئەوەی لە سیستەمەکانی تری زانکۆلاین داواکاری پێشکەش نەکەن.

1- ڕێژەی (70%) ی پلانی وەرگرتنی بەشە زانستییەکان بۆ دەرچووانی ئامادەیی دەبێت ، ئەم قوتابی / خوێندکارانە لە ڕێگەی ناوەندی وەرگرتنی قوتابیانەوە لە قۆناغی (یەکەم) وەردەگیرێن.

2- ڕێژەی (30%) ی پلانی وەرگرتنی بەشە زانستییەکان بۆ دەرچووانی پەیمانگە تەکنیکییەکانی ئەمساڵی خوێندن و ساڵانی پێشوو دەبێت ، ئەم پلانە دەرچووانی (یەکەم و دووەم و سێیەم) لە خۆ ناگرێت ، وەرگرتنی ئەم دەرچووانە بە سیستەمی (پارالێل) دەبێت ، ئەگەر ڕێژەکە پڕ نەبووەوە ئەوا پلانەکە بە دەرچووانی ئامادەیی پڕ دەکرێتەوە.

3- پێویستە دەرچووانی (یەکەم و دووەم و سێیەم) ی سەر ئاستی بەشەکانی هەر پەیمانگەیەک تێکڕای نمرەکانیان لە **(80%)** کەمتر نەبێت ، سەرجەم دەرچووانی تر دەچنە پێشبڕکێ بە پێی ڕێنماییەکانی سیستەمی (پارالێل) بەم شێوەیەی خوارەوە:

* بۆ کۆلێژە تەکنیکییە ئەندازیارییەکان مەرجی نمرە بۆ پێشکەش کردن و پێشبڕکێ **(70%)** کەمتر نەبێت.

* بۆ کۆلێژە تەکنیکییە تەندروستییەکان مەرجی نمرە بۆ پێشکەش کردن و پێشبڕکێ **(65%)** کەمتر نەبێت.

* بۆ کۆلێژە تەکنیکییەکانی تر مەرجی نمرە بۆ پێشکەش کردن و پێشبڕکێ **(60%)** کەمتر نەبێت.

4- سیستەمی ئەو بەشانەی کە هەردوو بڕوانامەی دبلۆمی تەکنیکی و بەکالۆریۆسی تەکنیکی دەبەخشن لە زانکۆ پۆلیتەکنیکییەکانی هەرێم بەم شێوەی خوارەوە دەبێت:

* سەرجەم ئەو بەشانەی کەوا هەردوو بڕوانامەی دبلۆمی تەکنیکی و بەکالۆریۆسی تەکنیکی دەبەخشن تەنها لە خوێندنی (بەیانیان) پەیڕەو دەکرێت.

* قوتابیان/ خوێندکارانی وەرگیراو لەم بەشانە دوای تەواو کردنی دوو ساڵی خوێندن (چوار سمیستەر) بە سەرکەوتوویی بڕوانامەی دبلۆمی تەکنیکیان پێ دەبەخشرێت.

* (50%) ی دەرچووەکانی لە سەرەوە ئاماژەیان پێکراوە کاندید دەکرێن بۆ درێژە دان بە خوێندن لە قۆناغەکانی (سێیەم و چوارەم) لە سەر بنەمای کێبڕکێی کۆنمرەی دبلۆمی تەکنیکی و کۆنمرەی قۆناغی (12) ی ئامادەیی بەم شێوەیەی خوارەوە:

أ- (40%) لەکۆنمرەی (12) ی ئامادەیی.

ب- (60%) لە کۆنمرەی دبلۆمی تەکنیکی.

* سەرجەم ئەو قوتابی/ خوێندکارانەی کەوا قۆناغی (سێیەم و چوارەم) بە سەرکەوتوویی تەواو دەکەن بڕوانامەی بەکالۆریۆسی تەکنیکیان پێ دەبەخشرێت.

* ئەو قوتابی/ خوێندکارانەی لە سەرەتاوە لە قۆناغی (یەکەم) بە (پارالێل) وەردەگیرێن لەکاتی خۆ تۆمارکردنیان بۆ قۆناغی (سێیەم و چوارەم) بە هەمان سیستەمی (پارالێل) درێژە بە خوێندن دەدەن.

* ئەو قوتابی/ خوێندکارانەی لە سەرەتاوە لە قۆناغی (یەکەم) بە (پارالێل) وەرگیراون بەڵام دوای تەواو کردنی قۆناغی (یەکەم و دووەم) ڕێزبەندیان (یەکەم و دووەم و سێیەم) دەبێت و کۆنمرەی خاڵبەندیان لە **(80%)** کەمتر نەبێت لە قۆناغی (سێیەم) لەکرێی خوێندن دەبەخشرێن.

* سەرجەم ئەو قوتابی/ خوێندکارانەی لە ڕێزبەندی لە (50%) سەرەوەن ئەگەر هاتوو کۆنمرەی خاڵبەندی پێشبڕکێیان (40%) لەکۆنمرەی پۆلی (12) و (60%) لە کۆنمرەی دبلۆمی تەکنیکی لە **(70%)** کەمتر بوو بە شێوازی (پارالێل) دەتوانن درێژە بە خوێندن بدەن.

5- تایبەت بە پڕکردنەوەی کورسییەکانی خوێندن لە سیستەمی پۆلیتەکنیک دوای ئەوەی (50%) ی قوتابیان/ خوێندکاران ئەوانەی نمرەیان بەرزە دەچنە قۆناغی (سێ) ئەگەر کەسێک نەیەوێت درێژە بە خوێندن بدات لەو کاتەدا کورسییە بە تاڵەکان پڕ ناکرێنەوە بە قوتابیان/ خوێندکارانی تر.

6- بۆ دەرچووانی پۆلی دوانزەی ئامادەیی خشتەی خوارەوە ئەو بەشانەن کە هەردوو بڕوانامەی دبلۆم و بەکالۆریۆسی تەکنیکی دەبەخشن لە زانکۆی پۆلیتەکنیکی (هەولێر و سلێمانی):

| زانکۆ | کۆلێژە تەکنیکییەکان | بەش | تێبینی |
|---|---|---|---|
| زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر | کۆلێژی تەکنەلۆجی هەولێر | تەکنەلۆجیای ئۆتۆمبێل | هەردوو بڕوانامەی دبلۆم و بەکالۆریۆس دەبەخشێت |
| | | تەکنەلۆجیای ئۆتۆماتیکی پیشەسازی | هەردوو بڕوانامەی دبلۆم و بەکالۆریۆس دەبەخشێت |
| | | تەکنۆلۆجیای زانیاری و گەیاندنICT | هەردوو بڕوانامەی دبلۆم و بەکالۆریۆس دەبەخشێت |
| | | تەکنەلۆجیای کەرەستە و بیناکاری | هەردوو بڕوانامەی دبلۆم و بەکالۆریۆس دەبەخشێت |
| | کۆلێژی تەکنیکی شەقڵاوە | شیکاری نەخۆشییەکان | هەردوو بڕوانامەی دبلۆم و بەکالۆریۆس دەبەخشێت |
| | | ڤێتێرنەری | هەردوو بڕوانامەی دبلۆم و بەکالۆریۆس دەبەخشێت |
| | | کارگێری کار | هەردوو بڕوانامەی دبلۆم و بەکالۆریۆس دەبەخشێت |
| زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی | کۆلێژی تەکنیکی کەلار | شیکاری نەخۆشییەکان | هەردوو بڕوانامەی دبلۆم و بەکالۆریۆس دەبەخشێت |

شێوازی وەرگرتنی ئەم دەرچووانە بە سیستەمی (پاراڵێل) دەبێت بەم شێوەی خوارەوە:

1- پێشـــکەش کردن و وەرگرتن بۆ تەواوکردنی خوێندنی بەکالۆریۆس ڕاســـتەوخۆ پاش دەرچوونی ئەنجامی کۆتایی تاقیکردنەوەکانی (خولی یەکەم و دووەم) دەســـت پێدەکات ، لە ڕێگەی بەڕێوەبەرایەتی تۆماری زانکۆوە ئەنجام دەدرێت بۆ ئەم مەبەســـتە داتابەیســـێکی تایبەت لە لایەن هەر (سێ) زانکۆ پۆلیتەکنیکییەکانەوە ئامادە دەکرێت بە ئۆنلاین و بە وەزارەتەوە دەبەســـترێتەوە ، لیســـتی کاندیدەکان پێش ڕاگەیاندنی ئەنجامەکانی زانکۆلاین دەبێت بگاتە وەزارەت بۆ ڕاگەیاندنی.

مەرج نییە هەر قوتابی/ خوێندکارێک کە داواکاری پێشـکەش کرد وەربگیرێت لە بەر ئەوەی وەرگرتن بە پێشـبڕکێ بە پێی پلانی بەشـە زانسـتییەکان دەبێت بۆ پڕکردنەوەی کورسـییەکان بە پێی پلانی وەرگرتن ، ڕێژبەندی نمرەی دەرچوونی دبلۆم و تەمەن دەکرێت بە پێوەر بۆ دەستنیشانکردنی خوازیارە سەرکەوتووەکان و هیچ پێوەرێکی تر بەکار ناهێنرێت.

2- مەرجی تەمەن بۆ پێشکەش کردن لە (1982/1/1) و بچوکتر.

3- ئەوانەی وەردەگیرێن (دامەزراو بن یان نا) هەموو ڕێنماییەکانی قوتابیان/ خوێندکارانیان لە ســـەر جێبەجێ دەکرێت واتە (ڕێژەی ئامادە بوون) وە وەزارەتمان بەرپرس نییە بەرامبەر فەرمانگەکانیان بۆ پێدانی مۆڵەت و دەوامکردن.

4- هەر قوتابی/ خوێندکارێک مافی پێشکەش کردنی بۆ (یەک) زانکۆ هەیە لە ساڵێک دا بۆ چوونە پێشبڕکێ.

5- بۆ وەرگرتن لەم سیستەمە دا (بۆ تەواوکردنی بەکالۆریۆس) سنووری جوگرافی ڕەچاو ناکرێت ، واتە هەر زانکۆیەکی پۆلیتەکنیک لە پارێزگایەک (2) کورسی خوێندن لە هەر بەشێکی زانستی بۆ دەرچووانی دوو زانکۆ پۆلیتەکنیکییەکەی تر دابین دەکات بۆ کێبڕکێ لە نێوان دەرچووانی خۆیاندا.

6- ئەو قوتابی/ خوێندکارانەی بە سیستەمی پۆلیتەکنیک وەردەگیرێن ناتوانن دابەزین ئەنجام بدەن.

7- (5) پێنج کورسی خوێندن لە کۆلێژە تەکنیکییەکان بۆ پەیمانگە (ناحکومی - ئەهلییەکان) ی دوو ســـاڵە تەرخان دەکرێت بە هەمان ڕێنماییەکانی سـەرەوە بە سـیسـتەمی (پاراڵێل) ، وە لەکاتی پڕ نەکردنەوەی کورسـییەکانیان دەکرێت بۆ دەرچووانی پەیمانگە تەکنیکییەکانی زانکۆ پۆلیتەکنیکییەکان هەمان ڕێنمایی بەکار بهێنرێت.

میکانیزمی پێشکەش کردن و وەرگرتنی دەرچووانی پەیمانگە تەکنیکییەکان:

- پێشکەش کردن ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی تۆماری گشتی زانکۆوە بە شێوەی سیستەمی پۆلیتەکنیک دەبێت.

- کاتی پێشکەش کردن لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی ناوەندی وەرگرتنەوە دیاری دەکرێت لەگەڵ سەرجەم سیستەمەکانی تری وەرگرتن.

- ڕاگەیاندنی ناوەکان بە شێوەی (ئۆنلاین) دەبێت.

- ماوەی یەک هەفتە تەرخان دەکرێت بۆ گازاندە پێشکەش کردن لە دوای ڕاگەیاندنی ئەنجامی وەرگرتن.

بڕگەی پانزەیەم: وەرگرتنی دەرچووانی یەکەمەکانی پەیمانگە تەکنیکییەکان لە زانکۆکاندا (بە مەرجێک دەرچووی خولی یەکەم بن).

1- دەرچووی یەکەم لە کۆمەڵەی (پزیشکی) پەیمانگە تەکنیکییەکان لە سەر ئاستی پارێزگا لە کۆلێژی پزیشکی وەردەگیرێت.

2- دەرچووی یەکەم لە بەشەکانی (ددان) لە سەر ئاستی پارێزگا لە کۆلێژی پزیشکی ددان وەردەگیرێت.
3- دەرچووی یەکەم لە بەشی (دەرمانسازی) پەیمانگە تەکنیکییەکان لە سەر ئاستی پارێزگا لە کۆلێژی دەرمانسازی وەردەگیرێت.

4- یەکەمی بەشی (شیکاری نەخۆشییەکان) ی پەیمانگە تەکنیکییەکان لە سەر ئاستی پارێزگا لە کۆلێژی زانست / بەشی تاقیگەی پزیشکی وەردەگیرێت.

5- دەرچووی یەکەم لە بەشەکانی (نەوت) لە سەر ئاستی پارێزگا لە کۆلێژی ئەندازیاری/ بەشی نەوت وەردەگیرێت.
6- دەرچووی یەکەم لە بەشی (ڕووپێوی) لە سەر ئاستی پارێزگا لە کۆلێژی ئەندازیاری/ بەشی ڕووپێوی وەردەگیرێت.

7- دەرچووی یەکەم لە بەشی (میکانیک) لە سەر ئاستی پارێزگا لە کۆلێژی ئەندازیاری/ بەشی میکانیک وەردەگیرێت.

8- دەرچووی یەکەم لە بەشی (کارەبا) لە سەر ئاستی پارێزگا لە کۆلێژی ئەندازیاری/ بەشی کارەبا وەردەگیرێت.

9- ئەو قوتابی/ خوێندکارانەی خاڵەکانی (1، 2، 3، 4، 5، 6، 7، 8) دەیانگرێتەوە دەبێت تێکڕای نمرەکانیان لە **(80%)** کەمتر نەبێت.

10- دەرچووی (یەکەم و دووەم و سێیەم) لە هەر بەشێکی پەیمانگە تەکنیکییەکان لە کۆلێژی هاوپسپۆری جگە لە (کۆمەڵەی پزیشکی ، ئەندازیاری) لە زانکۆکاندا وەردەگیرێن ، بە مەرجێک تێکڕای نمرەکانیان لە **(80%)** کەمتر نەبێت ، ئەگەر تێکڕای نمرەکانیان لە **(80%)** کەمتر بوو ، ئەوا بە هەمان کەمترین کۆنمرەی دەسنیشان کراو بۆ وەرگرتن لە زانکۆ پۆلیتەکنیکییەکان لە زانکۆکانی تر وەردەگیرێن بە سیستەمی (پاراڵێل) بە پێی خشتەی ژمارە (1).

## خشتەی (1)

## (وەرگرتنی دەرچووانی پەیمانگە تەکنیکییەکان لە زانکۆکانی هەرێم (جگە لە زانکۆ پۆلیتەکنیکییەکان)

| ژ | بەشی تەکنیکی لە پەیمانگە | کۆلێژ(سکوڵ)ی هاوتا لە زانکۆ | بەشی هاوتا لەکۆلێژ(سکوڵ)ەکانی زانکۆ |
|---|---|---|---|
| 1 | ددانسازی | زانست | بایۆلۆجی/ بایۆلۆجی پزیشکی |
| 2 | دەرمانسازی | زانست | کیمیا |
| 3 | سڕکردن | زانست<br>زانستە تەندروستییەکان | کیمیا<br>زانستی سڕکردن |
| 4 | تیشك | زانست | فیزیا |
| 5 | چارەسەری سروشتی | زانست | فیزیا |
| 6 | پشکنینی چاو | زانست | فیزیا |
| 7 | ئامێرە تاقیگە پزیشکییەکان | زانست<br>زانستە تەندروستییەکان | فیزیا<br>زانستی لابوری پزیشکی |
| 8 | شیکاری نەخۆشییەکان | زانست<br>زانستە تەندروستییەکان | تاقیگەی پزیشکی<br>مایکرۆبایۆلۆجی + میدیکەڵ<br>مایکرۆبایۆلۆجی + بایۆلۆجی |
| 9 | بەشەکانی نەوت | زانست | جیۆلۆجی |
| 10 | کارەبا | ئەندازیاری | کارەبا |
| 11 | میکانیک | ئەندازیاری | میکانیک |
| 12 | ڕووپێوی | ئەندازیاری | ڕووپێوی |
| 13 | کارگێری یاسا | یاسا و رامیاری | یاسا |
| 14 | کارگێری سیاسی | یاسا | زانستە رامیارییەکان |
| 15 | ئامار و زانیاری ، ئامار | کارگێری و ئابووری | ئامار |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 16 | کتێبخانە ، گشتگیری جۆری ، کارگێری نەخۆشخانە ، کارگێری بازارگەری ، کارگێری گومرگ | کارگێری و ئابووری | کارگێری |
| 17 | گەشت و گوزار ، ڕێبەری گەشتیاری ، کارگێری دەزگاکانی گەشتیاری | کارگێری و ئابووری | گەشتیاری |
| 18 | کارگێری بانکی | کارگێری و ئابووری | زانستی دارایی و بانک |
| 19 | سامانی ئاژەڵ | کشتوکاڵ | سامانی ئاژەڵ |
| 20 | ڕەزگەری | کشتوکاڵ | ڕەزگەری ، باخداری ، بێستانکاری |
| 21 | ڕێنمایی کشتوکاڵی | کشتوکاڵ | ڕێنمایی کشتوکاڵی |
| 22 | دروستی ئاژەڵی (شەقلاوە) + تەکنیکی ڤێترنەری (کەلار) | پزیشکی ڤیتێرنەری | ڤیتێرنەری |
| 23 | تەکنیکی وەرگێران | زمان/ ئاداب | وەرگێران ، زمانی ئینگلیزی |

11- دەرچووی (یەکەم و دووەم و سێیەم) لە هەر بەشێکی پەیمانگە تەکنیکییەکان لە بەشی هاوتا لە کۆلێژە تەکنیکییەکان وەردەگیرێن ئەگەر پسپۆرییەکەیان هەبێت لە هەر کۆلێژێکی تەکنیکی لە هەر (سێ) پارێزگاکەی هەرێم بە پێی خشتەی ژمارە (2).

12- دەرچووی (یەکەم و دووەم و سێیەم) ی بەشی (پەرستاری) لە پەیمانگە تەکنیکییەکان لە سەر ئاستی (پارێزگا) لە کۆلێژی پەرستاری لە زانکۆکاندا وەردەگیرێن ئەگەر پسپۆرییەکەیان لە زانکۆ پۆلیتەکنیکییەکان نەبوو ، بە مەرجێک تێکڕای نمرەکانیان لە **(80%)** کەمتر نەبێت ، ئەگەر تێکڕای نمرەکانیان لە **(80%)** کەمتر بوو ئەوا دەتوانن بە سیستەمی (پاراڵێل) وەربگیرێن.

13- دەرچووانی (یەکەم و دووەم و سێیەم) ی هەر بەشێکی پەیمانگەکان لە خوێندنی (ئێواران) بە هەمان شێوەی (یەکەم و دووەم و سێیەم) ی خوێندنی (بەیانیان) مافی وەرگرتنیان دەبێت لە زانکۆکان.

## خشتەی (2)

## وەرگرتنی دەرچووانی پەیمانگە تەکنیکییەکان لە زانکۆ پۆلیتەکنیکییەکان

| بەشی زانستی لە پەیمانگە | کۆلێژی تەکنیکی | بەشی زانستی لە کۆلێژی تەکنیکی |
|---|---|---|
| کارگێری بازارگەری + تەکنیکی وەرگیران | تەکنیکی کارگێری هەولێر | بازارگەری نێودەوڵەتی و زمان (International Marketing and languages) |
| ژمێریاری + کارگێری بانک | تەکنیکی کارگێری هەولێر<br>تەکنیکی کارگێری سلێمانی<br>تەکنیکی کارگێری دهۆک | تەکنیکی ژمێریاری |
| ڕاگەیاندن + ڕۆژنامەڤانی + ڕۆژنامەڤانی ئەلیکترۆنی + تەکنیکی میدیا + زانیاری کتێبخانە + کارگێری کتێبخانە + کتێبخانە + دیجیتاڵ میدیا | تەکنیکی کارگێری هەولێر<br>تەکنیکی کارگێری سلێمانی<br>تەکنیکی کارگێری دهۆک | تەکنیکی میدیا<br>ڕۆژنامەڤانی ئەلیکترۆنی |
| تەکنیکی بازارگەری + سەرچاوە مرۆییەکان + کارگێری نەخۆشخانە + کارگێری تەندروستی + کارگێری گومرگ + کارگێری کۆگا + کارگێری کار + کارگێری کەرەستە + کارگێری نووسینگە + کارگێری پرۆژەکان + کارگێری یاسا | تەکنیکی کارگێری هەولێر<br>تەکنیکی کارگێری سلێمانی<br>تەکنیکی کارگێری دهۆک | تەکنیکی کارگێری<br>(تێبینی/ لە ڕیزبەندیدا پێشینەی هاوپسپۆری پەیمانگە و کۆلێژ بۆ وەرگرتن ڕەچاو دەکرێت) |
| داتابەیس | تەکنیکی ئینفۆرماتیکی سلێمانی | تەکنۆلۆجیای داتابەیس |
| نێتۆرک(Net work) | تەکنیکی ئینفۆرماتیکی سلێمانی<br>تەکنیکی ئینفۆرماتیکی ئاکرێ | تۆڕەکانی کۆمپیوتەر<br>تۆڕی کۆمپیوتەری و پاراستنی زانیاری |
| تەکنۆلۆجیای زانیاری<br>سیستەمی زانیاریە کارگێرییەکان<br>سیستەمی کۆمپیوتەر<br>زانستی کۆمپیوتەر<br>پاراستنی زانیاری<br>کارگێری ئەلیکترۆنی | تەکنیکی ئەندازیاری هەولێر<br>تەکنیکی ئینفۆرماتیکی سلێمانی<br>تەکنیکی کارگێری دهۆک<br>تەکنیکی ئینفۆرماتیکی ئاکرێ | ئەندازیاری سیستەمی زانیاری + تەکنۆلۆجیای زانیاری + تەکنۆلۆجیای زانیاری کارگێری |

| | | |
|---|---|---|
| کارەبا<br>تەکنەلۆجیای زانیاری و گەیاندن<br>تەکنەلۆجیای وێب | | |
| کارەبا + پیشەسازی تەکنەلۆجی (پەیمانگەی تەکنیکی دهۆک) | تەکنیکی ئەندازیاری دهۆک | ئەندازیاری ووزە |
| میکانیک + سارکردن و هەواسازی + تەکنیکی ئۆتۆمبێل + میکانیک و کانزاکان (میکانیک و ووزە) + میکانیک و کانزاکان (تەکنەلۆجیای لکاندن) + تەکنەلۆجیای ئۆتۆماتیکی پیشەسازی | تەکنیکی ئەندازیاری هەولێر<br>تەکنیکی ئەندازیاری سلێمانی<br>تەکنیکی ئەندازیاری دهۆک | میکانیک + میکانیک و ووزە + ئەندازیاری و ووزە |
| بیناکاری + بیناسازی + رووپێوی + ڕێگا وبان + دروست کردنی ڕێگا + وێنەی ئەندازەیی + تەکنەلۆجیای کەرستە و بیناکاری + تەکنیکی تەلارسازی (شەقڵاوە) | تەکنیکی ئەندازیاری هەولێر<br>تەکنیکی ئەندازیاری دهۆک | ئەندازیاری شارستانی/ هەولێر<br>ت . ئەندازیاری ڕێگاوبان/ هەولێر<br>ڕێگا وبان/ دهۆک |
| رووپێوی + وێنەی ئەندازەیی + تەکنیکی تەلارسازی | تەکنیکی ئەندازیاری سلێمانی | پلانسازی شار |
| گەیاندن + ئەلیکترۆن | تەکنیکی ئەندازیاری سلێمانی | گەیاندن |
| کارەبا و تەکنیکی کارەبا | تەکنیکی ئەندازیاری سلێمانی | توانایی کارەبایی |
| پەلی دەستکرد + تەندروستی کۆمەڵ + پەرستاری + نەخۆشەڤانی + ئافرەتان و لە دایکبوون + چارەسەری سروشتی + پاراستنی تەندروستی ددان + پەرستاری ددان + تیشک + چاو | تەکنیکی تەندروستی هەولێر<br>تەکنیکی تەندروستی شێخان | چارەسەری سروشتی<br>تەندروستی گشتی<br>(تێبینی/ لە ڕێزبەندیدا پێشینەی هاوپسپۆری پەیمانگە و کۆلێژ بۆ وەرگرتن رەچاو دەکرێت) |
| شیکاری نەخۆشییەکان + دەرمانسازی + ئامێری تاقیگە پزیشکییەکان + تەکنەلۆجیای تاقیگەی نۆژداری | تەکنیکی تەندروستی هەولێر<br>تەکنیکی تەندروستی سلێمانی<br>تەکنیکی زانستە پراکتیکییەکان/ هەڵەبجە<br>تەکنیکی تەندروستی شێخان | شیکاری نەخۆشییەکان<br>زانستی تاقیگەی پزیشکی<br>تەکنەلۆجیای تاقیگەی نۆژداری |
| شیکاری کیمیایی + نەوت + سیستەمەکانی کار پێکردن و کۆنترۆلکردنی نەوت + تەکنەلۆجیای نەوت + ئامێرەکانی نەوت + تەکنەلۆجیای پترۆل | تەکنیکی ئەندازیاری دهۆک<br>تەکنیکی ئەندازیاری سلێمانی<br>تەکنیکی زانستی پترۆل و کانزا / زاخۆ | ئەندازیاری کیمیایی<br>ئەندازیاری نەوت و ووزە<br>جیۆلۆجی پترۆل |

| | | |
|---|---|---|
| پاراستنی ڕووەک + ڕێنمایی کشتوکاڵی + کشتوکاڵی داپۆشراو + ڕووەکە جوانەکان + ڕەزگەری + بەروبوومی کێڵگەیی + باخداری + باخداری و دیزاینی دیمەنی سروشتی + دیزاینی باخچەکان | تەکنیکی ئاکرێ<br>تەکنیکی زانستە پراکتیکییەکان/ هەڵەبجە | ڕەزگەری<br>کارگێری پرۆژە کشتوکاڵییەکان |
| کارگێری پرۆژە کشتوکاڵییەکان | تەکنیکی زانستە پراکتیکییەکان/ هەڵەبجە | کارگێری پرۆژە کشتوکاڵییەکان |
| پیشەسازی خۆراک + پیشەسازی خۆراک و کۆنترۆڵی جۆری + زانستی خۆراک و کۆنترۆڵی جۆری + ئاسایشی خۆراک و تەندروستی گشتی | تەکنیکی زانستە پراکتیکییەکان/ هەڵەبجە | زانستی خۆراک و کۆنترۆڵی جۆری |
| سڕکردن | تەکنیکی تەندروستی سلێمانی | تەکنیکی بێهۆشکاری |
| پەرستاری + پەرستاری منداڵان + ژنان و منداڵ بوون + تەندروستی گشتی | تەکنیکی تەندروستی سلێمانی<br>تەکنیکی تەندروستی شێخان | پەرستاری |
| پەیوەندییە گشتییەکان و بازارگەری | تەکنیکی کارگێری سلێمانی | پەیوەندییە گشتییەکان و بازارگەری |

برگەی دوانزەیەم:ڕێنمایی وەرگرتن بە (سیستەمی کریدت) لە زانکۆ و پەیمانگە حکومییەکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی خوێندنی (2022-2023):

1- بۆ ئەمســاڵی خوێندنیش ســیســتەمی کریدت (وحدات) پەیڕەو دەکرێت لە ســەرجەم زانکۆ (حکومی و ناحکومی - ئەهلییەکان) جگە لە (کۆمەڵەی پزیشکی).
2- لەم سیستەمە ئەژمارکردنی (کریدت) بۆ وانە پەیوەندیدارەکانی هەر بەشێک پەیڕەو دەکرێت ، واتە کۆنمرەی کۆتایی قوتابی/ خوێندکار (70%) ی لە ســەر کۆنمرەی پۆلی دوانزە دەبێت و (30%) ی نمرەی لە ســەر وانە پەیوەندیدار بەو پسـپۆرییەی کە پێشـکەشی دەکات ، بۆ نمونە / وەرگرتن لە بەشی ماتماتیک (کریدتی وانەی بیرکاری لە وانەکانی تر زیاتری پێدەدرێت).
3- ئەم جۆرە وەرگرتنە بە پرۆگرامێکی تـایبەت لە لایەن وەزارەتەوە ڕێکخراوە وە قوتـابی/ خوێنـدکار داواکاری خۆی پێشـکەش بەو بەش و کۆلێژانە دەکات کە ئارەزوویەتی ، دوای داخل کردنی (ناوی بەکارهێنەرو ووشـەی تێپەر) لە لایەن قوتـابی/ خوێنـدکار لاپەڕەیەکی تـایبەتی بۆ دەکرێتەوە کە هەموو کۆلێژ و بەشـــەکانی (زانکۆلاین ، پـاراڵێـل ، ئێواران) لە خۆ دەگرێت ، واتە قوتابی/ خوێندکار سەر پشکە لە هەڵبژاردنی هەر جۆرە سیستەمێکی خوێندن.
4- داواکار مافی پێشکەش کردنی بۆ چەند بەش و زانکۆی جیاواز هەیە ، بە مەرجێک لە (50) هەڵبژاردن کەمتر نەبێت ، ئەگەر کەمتر بوو ئەوا پێشکەش کردنەکەی سەرکەوتوو نابێت.
5- کەمترین کۆنمرەی پێشــبڕکێی وەرگرتن بۆ خوێنـدنی (بەیـانیـان) بریتی دەبێـت لە **(65%)** بۆ کۆلێژ وە **(60%)** بۆ پەیمانگە ، جگە لە کۆلێژەکانی (کشتوکاڵ ، زانستە ئیسلامییەکان) کەمترین کۆنمرەی پێشبڕکێی وەرگرتن بۆ خوێندنی (بەیانیان) بریتی دەبێت لە **(60%)** وە بۆ سیستەمی (پاراڵێل) **(55%)**.
6- دەرچووانی ئامادەییەکانی هەرێمی کوردســتان لقی (زانســتی و وێژەیی) بۆ ســاڵی خوێندنی (2021-2022) دەتوانن داواکاری پێشـکەش بکەن بۆ پێشــبڕکێ لە دەرچووانی خولی (یەکەم و دووەم)دا ، هەروەها دەرچووانی ســاڵی خوێندنی (2020-2021)کە لە هیچ زانکۆیەکی (حکومی و ناحکومی - ئەهلی) وەرنەگیراون مافی پێشکەش کردنیان دەبێت.
7- بۆ بەشــەکانی (وەرزش ، هونەرە جوانەکان) وەرگرتن بە شــێوەی (چاوپێکەوتن وتاقیکردنەوە) دەبێت و بە هەمان شێوەی ساڵی ڕابردوو لە زانکۆکان ئەنجام دەدرێت.

## بڕگەی سیانزەیەم: وەرگرتن لە خوێندنی سیستەمی (پارالێل):

1- ڕێژەی (40%) ی پلانی وەرگرتن لە کۆلێژەکان وە (50%) ی پلان لە پەیمانگەکان بۆ سیستەمی (پارالێل) تەرخان دەکرێت ، جگە لە کەس و کاری شەهیدان و ئەنفالکراوان و زیندانیانی سیاسی ، بەڵام سەبارەت بە زانکۆکانی دەرەوەی شارە گەورەکان کە خوێندنی تایبەتیان تێدا نییە ئەگەر پلانیان پڕ نەبووەوە ئەوا دەکرێت چەند نمرەیەک کەمبکرێتەوە ، بە مەرجێک (10) نمرە تێپەڕ نەکات.
2- تەمەنی پێشکەشکار نابێت لە (35) ساڵ زیاتر بێت بۆ کۆمەڵەی پزیشکی (پزیشکی ، پزیشکی ددان ، دەرمانسازی) وە (40) ساڵ بۆ کۆلێژ و پەیمانگەکانی تر وە (30) ساڵ بۆ (کۆلێژی وەرزش).
3- پێشکەش کردن بۆ خوێندنی (پارالێل) بە هەمان شێوەی سیستەمەکانی (زانکۆلاین ، ئێواران) دەبێت.
4- سەبارەت بە هەر کێشەیەکی تر کەیسەکان لە لایەن زانکۆوە بەرز دەکرێتەوە بۆ وەزارەت بۆ چارەسەر کردنیان بە شێوەیەک کە لە بەرژەوەندی ئاستی زانستی قوتابی/ خوێندکار بێت.
5- کۆنمرەی پێشبڕکێ بەم شێوەیە دەبێت:
* لە کۆلێژەکانی (پزیشکی ، پزیشکی ددان ، دەرمانسازی) ڕەچاوی (30) نمرە کەمتر لە کۆنمرەی وەرگیراو لەو ساڵەی خوێندندا دەکرێت.
* لە کۆلێژەکانی ئەندازیاری و یاسا ڕەچاوی (35 ) نمرە کەمتر لە کۆنمرەی وەرگیراو لەو ساڵەی خوێندندا دەکرێت.
* بۆ کۆلێژەکانی زانستە تەندروستییەکان و هەر بوارێکی تر ڕەچاوی (45) نمرە کەمتر لە کۆنمرەی وەرگیراو لەو ساڵەی خوێندندا دەکرێت.
6- کرێی خوێندنی (پارالێل) لە لایەن ئەنجومەنی زانکۆوە دەستنیشان دەکرێت بە پێی تێچووی بەشەکە و پێداویستییەکانی لە لایەن وەزارەتەوە پەسەند دەکرێت ، بۆ ئەم مەبەستەش زانکۆکان دەبێت کرێی خوێندن لە هەر بەش و کۆلێژێک ڕەوانەی وەزارەت بکەن.
7- بە مەبەستی هاندانی خوێندن ئەگەر قوتابی/ خوێندکار کە بە سیستەمی (پارالێل) وەرگیراوە لە هەر ساڵێک یەکەم بوو لە سەر سەرجەم قوتابیان/ خوێندکارانی بەشەکەی ئەوا لە (75%) ی کرێی خوێندن دەبەخشرێت و ئەگەر دووەم بوو لە (50%) وە سێیەم لە (25%) ی کرێی خوێندن دەبەخشرێت لە قۆناغی دواتر.
8- لە بەر زۆری ڕێژەی دەرچووانی پۆلی دوانزەی ئامادەیی بۆ ئەمساڵی خوێندن کورسی خوێندنی (پارالێل) لە زانکۆکان بۆ ساڵی خوێندنی (2022-2023) تەرخان دەکرێت بۆ دەرچووانی ئەمساڵ و ساڵی پێشتری خوێندن ، وە ئەگەر کورسی بە تاڵ مایەوە ئەوا بەو پێشکەشکارانە پڕ دەکرێتەوە کە (5) ساڵ بە سەر دەرچوونیان تێپەڕ نەبووە.
9- دەرچووی کۆلێژ بۆیان هەیە داواکاری پێشکەش بکەن و لە سەر بنەمای کۆنمرەی ئامادەیی پێشبڕکێ دەکەن ، بە مەرجێک کۆنمرەی قوتابی/ خوێندکار لە **(60%)** کەمتر نەبێت بۆ کۆلێژ وە **(55%)** بۆ پەیمانگە ، جگە لە (پەیمانگە تەکنیکییە پزیشکییەکان) کە دەبێت نمرەیان لە **(60%)** کەمتر نەبێت.
10- ڕەچاوی وانە پەیوەندیدارەکان دەکرێت (دروس المفاضلە) لە کاتی پێشبڕکێ لە سەر کورسییە کۆتاییەکانی وەرگرتن.
11- بە مەبەستی هاندانی داواکاری خوێندن بۆ دەرچووانی ئامادەییەکانی وڵاتەکانی دەوروبەری هەرێمی کوردستان و بیانی و نێودەوڵەتی دەکرێت ڕێژەیەک لە دەرەوەی پلانی وەرگرتن دیاری بکرێت بۆ وەرگرتنیان بە سیستەمی (پارالێل) ، لەگەڵ چاوپۆشی کردن لە هەندێ مەرج وەکو (تەمەن ، ساڵی دەرچوون ، کۆنمرە) ئەم بڕگەیە ئەو قوتابی/ خوێندکارانەش دەگرێتەوە کە بە ڕەچەڵەک عێراقین بەڵام هەڵگری ڕەگەزنامەی بیانین ، بە مەرجێک کە پۆلەکانی (10 ، 11 ، 12) ی لە دەرەوەی وڵات تەواو کردبێت.

وەزارەتی پەروەردە دەبێت لیستێک بە ناوی ئەو پێشکەشکارانە دوای یەکسان کردنی بڕوانامەکانیان ڕەوانەی ناوەندی وەرگرتن بکات بۆ دابەش کردنیان بە سەر کۆلێژ و پەیمانگەکاندا.
12- ئەو قوتابی/ خوێندکارانەی بە سیستەمی (پاراڵێل و ئێواران ) وەردەگیرێن لە گشت بەشەکانی زانکۆی (کۆیە) مافی گواستنەوەیان نیە تەنانەت ئەگەر سەرجەم مەرجەکانی گواستنەوەشیان هەبێت.

## برگەی چواردەیەم: وەرگرتن لە خوێندنی ئێواران لە زانکۆ حکومییەکان:

1- پێویستە خوێندنی (ئێواران) لە بەشە (زانستە مرۆڤایەتییەکان) ی زانکۆ و پەیمانگە (حکومییەکان) بکرێتەوە.
2- پلانی وەرگرتنی خوێندنی (ئێواران) نابێت لە ڕێژەی (100%) ی پلانی پەسندکراوی بەشەکانی (بەیانیان) زیاتر بێت.
3- دەزگای سەرپەرشتی و دڵنیایی جۆری بە دواداچوون دەکات بۆ دڵنیایی لە ئاستی زانستی و کوالیتی بەشەکان.
4- پێشکەش کردن بە شێوازی (ئۆنلاین) دەبێت لە هەمان لاپەڕەی ئەلیکترۆنی تایبەت بە پێشکەش کردنی (زانکۆلاین ، پاراڵێل).
5- بۆ زیاتر دەستە بەرکردنی کوالێتی و دڵنیایی جۆری ، تاقیکردنەوە کۆتاییەکان لە خوێندنی (ئێواران) لەگەڵ خوێندنی (بەیانیان) بەیەکەوە ئەنجام دەدرێت و بە هەمان پرسیار دەبێت.
6- کاتژمێرەکانی دەوامی خوێندنی (ئێواران) دەبێت بە هاوتای کاتژمێرەکانی خوێندنی (بەیانیان) بێت لە (8 کاتژمێر کەمتر نەبێت).
7- لە زانکۆکاندا هەر بەشێک لە (کۆلێژ و پەیمانگەکان) ئەگەر لە خوێندنی (بەیانیان) قوتابی/ خوێندکاری نەبێت ، ئەوا بۆی نییە لە دەوامی (ئێواران) قوتابی/ خوێندکار وەربگرێت.
8- کۆنمرەی وەرگرتن بۆ کۆلێژ لە **(60%)** کەمتر نەبێت وە بۆ پەیمانگە لە **(55%)** کەمتر نەبێت ، ئەم مەرجە دەرچووانی ئامادەییە (پیشەییەکانیش) دەگرێتەوە کە تەنها مافی پێشکەش کردنیان بۆ پەیمانگە هەیە بە ڕەچاوکردنی هاوپسپۆرییان.
9-کۆنمرەی وەرگرتن لە قەزاو ناحیەکان و ئەو شوێنانەی کە زانکۆی (ناحکومی - ئەهلی) یان لێ نییە بە هەمان کۆنمرەی زانکۆ (ناحکومی - ئەهلی) یەکان دەبێت.
10- بۆ وانە پەیوەندیدارەکانی پسپۆرییەکان ڕەچاوی (کریدت) دەکرێت.
11- پێشینە (ئەولەویەت) بۆ دەرچووانی ئامادەیی ساڵی خوێندنی (2021-2022) دەبێت تا ڕێژەی (80%) ، وە لە کاتی پڕ نەبوونەوەی ئەو ڕێژەیە بە دەرچووانی ساڵانی ڕابردوو و دەرەوەی هەرێم پڕ دەکرێتەوەو ڕەچاوی تەمەن ناکرێت ، جگە لە کۆلێژ و بەشەکانی (پەروەردەی وەرزش) کە تەمەنیان نابێت لە (30) ساڵ تێپەر بکات.
12- ئەو قوتابی/ خوێندکارەی کە دەرناچێت (ڕاسب) دەبێت و خوێندنی (ئێواران) لەو قۆناغەدا نامێنێت ، ئەوا بە میوانداری دەچێتە خوێندنی (بەیانیان) بە سیستەمی (پاراڵێل) بە تەواوی کرێی خوێندنی (پاراڵێل) ، وە بڕوانامەکەی بە (ئێواران) دەبێت.
13- گواستنەوە بۆ وەرگیراوان لە خوێندنی (ئێواران) بۆ بەشی هاوشێوەی (بەیانیان) ناکرێت لە بەر جیاوازی کۆنمرە.
14- بە مەبەستی هاندانی خوێندن ئەگەر قوتابی/ خوێندکار کە بە سیستەمی (ئێواران) وەرگیراوە لە هەر ساڵێک یەکەم بوو لە سەر سەرجەم قوتابیان/ خوێندکارانی بەشەکەی ئەوا لە (75%) ی کرێی خوێندن دەبەخشرێت و ئەگەر دووەم بوو لە (50%) وە سێیەم لە (25%) ی کرێی خوێندن دەبەخشرێت لە قۆناغی دواتر.
15- سەبارەت بە کرێی خوێندنی (ئێواران) لە لایەن ئەنجومەنی زانکۆوە دەست نیشان دەکرێت و بە پێی تێچووی بەشەکە و پێداویستییەکانی ، بە مەرجێک ڕێژەکە کەمتر نەبێت (70%) ی نرخی خوێندنی بەش و کۆلێژی هاوشێوەی

زانکۆ (ناحکومی - ئەهلی) یەکان لە لایەن وەزارەتەوە پەسەند دەکرێت ، بۆ ئەم مەبەستە زانکۆکان دەبێت کرێی خوێندن لە بەشەکانی کە خوێندنی (ئێوارانیان) هەیە ڕەوانەی وەزارەت بکەن.

**ئەو زانکۆ و پەیمانگەیانەی کە لە دەرەوەی شارە گەورەکانن بە سیستەمی (پاراڵێل) ئەگەر پلانیان پڕنەبووەوە ئەوا دەکرێت چەند نمرەیەک کەم بکرێتەوە بۆ وەرگرتن ، بەمەرجێک (10) نمرە تێپەڕ نەکات ، وە بە سیستەمی (ئێواران) بە هەمان کۆنمرەی زانکۆ (ناحکومی- ئەهلی) یەکان وەردەگیرێن.**

| ژ | ناوی زانکۆ | کۆلێژ/ پەیمانگە |
|---|---|---|
| 1 | زانکۆی کۆیە | |
| 2 | زانکۆی سۆران | |
| 3 | زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر | پەیمانگەی تەکنیکی شەقڵاوە |
| | | پەیمانگەی تەکنیکی خەبات |
| | | پەیمانگەی تەکنیکی چۆمان |
| 4 | زانکۆی سلێمانی | کۆ. پەروەردە مرۆییەکان/ سەید صادق |
| 5 | زانکۆی دهۆک | کۆ. پەروەردە/ ئاکرێ |
| | | کۆ. پەروەردەی بنەڕەت/ ئامێدی |
| 6 | زانکۆی زاخۆ | |
| 7 | زانکۆی گەرمیان | |
| 8 | زانکۆی ڕاپەرین | |
| 9 | زانکۆی هەڵەبجە | |
| 10 | زانکۆی چەرموو | |
| 11 | زانکۆی پۆلیتەکنیکی دهۆک | کۆلێژی تەکنیکی تەندروستی شێخان |
| | | کۆلێژی تەکنیکی ئاکرێ |

| | | |
|---|---|---|
| | | پەیمانگەی تەکنیکی زاخۆ<br>پەیمانگەی تەکنیکی ئاکرێ |
| | | پەیمانگەی تەکنیکی شێخان |
| | | پەیمانگەی تەکنیکی ئامێدی |
| | | پەیمانگەی تەکنیکی بەردەرەش |
| | | پەیمانگەی تەکنیکی شنگال |
| 12 | زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی | کۆلێجی تەکنیکی زانستە پراکتیکییەکان/ هەڵەبجە |
| | | پەیمانگەی تەکنیکی سلێمانی/ پێنجوێن |
| | | پەیمانگەی تەکنیکی کەلار |
| | | پەیمانگەی تەکنیکی هەڵەبجە |
| | | پەیمانگەی تەکنیکی چەمچەماڵ |
| | | پەیمانگەی تەکنیکی دووکان |
| | | پەیمانگەی تەکنیکی دەربەندیخان |
| | | پەیمانگەی تەکنیکی بەکرەجۆ |

## برگەی پانزەیەم: تەرخانکردنی کورسی خوێندن بۆ ڕاگەیاندکاران :

**(ڕاگەیاندکار مەرجە ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان بێت)**

1- وەرگرتنی (6) پاڵێوراوی ڕاگەیاندن لە هەر بەشـــێکی (ڕاگەیاندن) لە زانکۆکان و زانکۆ پۆلیتەکنیکییەکاندا ، وە ئەو بەشانەی لقیان هەیە ئەم شەش کورسییە دابەش دەکرێت بە سەر لقەکاندا.
2- ســـەبارەت بە ئەوانەی داواکاری پێشـــکەش دەکەن بۆ وەرگرتن لە کۆلێژ دەبێت دەرچووی ئامادەیی و پەیمانگەی ڕاگەیاندن بن و ئاماژە بکرێت بە دوا بڕوانامە ، بە مەرجێک کۆنمرەیان لە **(60%)** کەمتر نەبێت ، یەک لە سـەر سێ ی کورسییەکانی خوێندن بە پێی پێشبڕکێ بۆ دەرچووانی بەشی (ڕاگەیاندن) لە پەیمانگەکان دەبێت.
3- یەک لە ســـەر سێ ی کورســـییەکانی بەشی (ڕاگەیاندن) لە پەیمانگە تەکنیکییەکان لە زانکۆ پۆلیتەکنیکییەکان بۆ دەرچووانی (پیشەیی) دەبێت ، بە مەرجێک کۆنمرەیان لە **(60%)** کەمتر نەبێت.
4- تەمەنی پاڵێوراو نابێت لە (35) ســـاڵ زیاتر بێت و ئەگەر تەمەنی لە نێوان (35-40) ســـاڵ بێت ، ئەوا بە خوێندنی (پارالێل) مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت.
5- پاڵاوتن بۆ ئەم کورســـییانە بە پێشـــبڕکێ دەبێت ، تاقیکردنەوەی لێهاتوویی ئەنجام دەدەن لە لایەن لێژنەی زانســـتی بەشەکانی ڕاگەیاندن بە ڕێژەی (60%) ی لە سەر نمرەی ئامادەیی و ڕێژەی (40%) ی بۆ تاقیکردنەوەی لێهاتووی دەبێت و بە هەر دوو شـــێوازی نووســـین و چاوپێکەوتن ، بە مەرجێک لە تاقیکردنەوەکە دەربچێت لەگەڵ پێشـــکەش کردنی دۆکیۆمێنت و بابەتە پەیوەندیدارەکان بە هەموو چالاکی ڕاگەیاندن.
6- نابێت پاڵێوراو (سێ)ســـاڵ زیاتر لە ڕۆژی داواکردنی وەرگرتنی دا لە چالاکییەکانی دابڕاو بێت و دەبێت چالاکییەکانی بە دۆکیۆمێنت و پشتگیری دەزگاکان پێشکەش بکات.
7- نابێت پاڵێوراو دەرچووی هیچ کۆلێژیک بێت و یان ناوی سڕا بێتەوە لە کۆلێژ و پەیمانگە.
8- دوای پاڵاوتن ناوەکان بە کۆنووسێک بەرز دەکرێتەوە لە ڕێگەی تۆماری گشتی زانکۆ بۆ وەزارەت بۆ پەسەندکردنی.

## بڕگەی شانزەیەم: قوتابی/ خوێندكاری خاوەن پێداویستی تایبەت:

1- قوتابی/ خوێندكاری نابینا كە مەرجەكانی وەرگرتنی هەبێت بۆی هەیە داواكاری وەرگرتن ڕاستەوخۆ پێشكەش بە بەڕێوەبەرایەتی ناوەندی وەرگرتن بكات بۆ وەرگرتن لە یەكێك لە كۆلێژە مرۆڤایەتییەكان بە پێی فۆرمێكی تایبەت واتە لە ڕێگەی زانكۆلاین داواكاری پێشكەش ناكات.
2- قوتابی/ خوێندكاری خاوەن پێداویستی تایبەت ئەگەر لە كۆلێژێك یان پەیمانگەیەك وەرگیرا و جەستەی شیاو نەبوو بۆ ئەو جۆرە خوێندنە ، ئەوا بەڕێوەبەرایەتی ناوەندی وەرگرتن بۆی هەیە بیگوازێتەوە بۆ خوێندنێكی شیاوتر بە پێی كەمترین كۆنمرەی وەرگیراو لە زانكۆ و پەیمانگەكانی هەرێم.

## بڕگەی حەڤدەیەم: ڕەچاوكردنی سنووری جوگرافی:

1- (80%) ی كورسییەكانی خوێندن لەو زانكۆیانەی كە لە هەر پارێزگایەك هەیە بۆ قوتابیان/ خوێندكارانی دانیشتووی پارێزگاكە دەبێت وە لە (20%) ی كورسییەكانیش بۆ كێبڕكێی گشت قوتابیان/ خوێندكارانی هەرێم دەبێت ، بە ڕەچاو كردنی ئەوەی كە ناوچەكانی گەرمیان و پارێزگای هەڵەبجە لە سەر پارێزگای سلێمانی دەبێت.
2- (100%) ی كورسییەكانی خوێندن لە پەیمانگە تەكنیكییەكان بۆ قوتابیانی/ خوێندكارانی دانیشتووی سنووری پارێزگاكە دەبێت.
3- وەرگرتنی دەرچووان لە تاكە بەشەكان (كۆلێژ بێت یان پەیمانگە) ڕێژەی (40%) ی وەرگرتن بۆ ئەو پارێزگایە دەبێت كە بەشەكەی تێدایە و (60%) ی بۆ دەرچووانی هەرێم.

## بڕگەی هەژدەیەم: پەیوەندی كردن و نارەزایی:

1- ئەو قوتابی/ خوێندكارەی ناوی لە هەر كۆلێژێك یان پەیمانگەیەك دەردەچێت پێویستە لە ماوەی (10) ڕۆژ پاش ڕاگەیاندنی ئەنجامەكانی وەرگرتن پەیوەندی بە شوێنەكەی خۆی بكات ، بە پێچەوانەوە هەڵوەشاندنەوەی پاڵاوتنی بۆ دەكرێت و تاكو ساڵی خوێندنی دواتر ناتوانێت پەیوەندی بكات ، وە هەروەها ساڵی یەكەمی وەرگیرانی بە كەوتوو بۆ ئەژمار دەكرێت.
2- هەر قوتابی/ خوێندكارێك بە پێی ڕێزبەندی هەڵبژاردنەكانی خۆی لە كۆلێژێك یان پەیمانگەیەك وەردەگیرێت ئەوا بە هیچ شێوەیەك مافی نارەزایی نابێت و خۆیان بەرپرسیارن لە هەڵە پڕكردنەوە.
3- ئەو قوتابی/ خوێندكارەی هەر نەگونجان یان هەڵەیەك لە ئەنجامی وەرگرتنیدا هەبوو ئەوا پێویستە سەرەتا وەك هەر قوتابی/ خوێندكارێكی تر پەیوەندی بەو خوێندنە بكات كە ناوی تێیدا دەرچووە پاشان لە ماوەی (10) ڕۆژ لە ڕاگەیاندنی ئەنجامەكانی وەرگرتن فۆرمی نارەزایی لە مەڵبەندی ڕاوێژكاری پارێزگاكەی خۆی پڕبكاتەوەو دوا وەڵامیان لێ وەربگرێت سەبارەت بە بەردەوام بوونی لە سەر خوێندنەكەی تاوەكو بەرەو ڕووی هیچ جۆرە لێپرسینەوەیەكی یاسایی نەبێتەوە كە ببێتە هۆی دابڕانی لە خوێندن و هەڵوەشاندنەوەی وەرگرتنەكەی.

برگەی نۆزدەیەم: گەڕانەوەی پاڵاوتن:

ئەو قوتابی/ خوێندکارەی کە لە ســاڵی خوێندنی (2021-2022) پاڵێوراو بوو بۆ وەرگرتن لە زانکۆ و پەیمانگەکانی هەرێم ئەگەر پەیوەندی نەکردبێت بە شــوێنی وەرگرتنی لە بەر هەر هۆیەک بێت ، ئەوا بۆ ســاڵی خوێندنی (2022-2023) مافی گەڕانەوەی هەیە بۆ هەمان شــوێنی پێشــووی و ســاڵی خوێندنی (2021-2022) ی بە کەوتوو بۆ ئەژمار بکرێت ، بە مەرجێک دانەمەزرا بێت یان لە زانکۆیەکی (ناحکومی - ئەهلی) وەرنەگیرا بێت.

برگەی بیستەم: خۆتەرخانکردن بۆ خوێندن:

ئەو قوتابی/ خوێندکارانەی لە خوێندنی (بەیانیان و ئێواران) لە زانکۆ (حکومییەکان) وەردەگیرێن پێویســتە بە تەواوی خۆیان بۆ خوێندن تەرخان بکەن و پابەندی دەوام بن و ئەگەر قوتابی/ خوێندکار فەرمانبەر بوو ئەوا پێویســتە مۆڵەتی خوێندن بە پێی یاسـا و ڕێنماییە بەرکارەکان وەربگرێت ، وە لە حاڵەتێکدا ئەگەر لە کاتی خوێندندا دامەزرا ئەوا پێویســتە خوێندنەکەی دوا بخات تاوەکو مەرجەکانی وەرگرتنی مۆڵەتی خوێندن لێی بەدی دێت.

برگەی بیست و یەک :

جێبەجێ کردنی گشـت ئەو ڕێنماییانە لە ئەسـتۆی لایەنە پەیوەندیدارەکانی زانکۆکان و فەرمانگەی خوێندن و پلان دانان و بە دواداچوون / بەڕێوبەرایەتی ناوەندی وەرگرتن دایە بۆ هەر خاڵ و برگەیەک بە پێی تایبەتمەندی خۆی.